


ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

ژماره ٦٢٧

پێنجشەممە

١٥ی ڕەشەممەی١٣٩٢

٦ی مارسی ٢٠١٤

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

kurdistanukurd.com

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# لە کاتێکدا بە پێشوازی ٨ی مارسەوە دەچین، کە تاوان لە دژی ژنان بەردەوامە

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

**ژنانی کوردستان!**

**داواکارانی یەکسانی لە کوردستان و ئێران!**

بە بۆنەی هاتنی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین‌و بۆتێکۆشان‌و چالاکییەکانی ئێوەو هەموو بەشدارانی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ژن‌و پیاو لە کوردستان، ئێران‌و سەرانسەری جیهان لەم ڕۆژە دا، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

٨ی مارس، تا دێ پتر دەبێتە زەنگی جووڵاندنی ژنان‌و پیاوانی داواکاری یەکسانی. ساڵانێکی زۆرە نەک هەر لە ڕۆژاوا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان، بەشدارانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ٨ی مارس‌دا، هێزی ڕوو لە گەشەی خۆیان دەنوێنن‌و ویست‌و داخوازییەکانی خۆیان بە گوێی زەوتکەران‌و پێشێلکارانی حورمەت‌و مافە ئینسانییەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی خۆیان، دەگەیەنن.

ئەگەرچی لە وڵاتی ئێران، دەوڵەت‌و دامودەزگا حکوومی‌و دەوڵەتییەکان‌و دەستوورو پارلمانی وڵات، هێشتا دانیان بەم ڕۆژە جیهانییەدا نەناوەو بە ڕەسمییان نەناسیوە، بەڵام ٨ی مارس بۆ خەڵکی ئێران ڕۆژێکی ناسراوە. بە هەوڵ‌و خەباتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان‌و ڕێکخراوە سیاسییە خەباتگێڕو ئازادیخوازەکان،پێشوازی‌و بەڕێوەبردنی چالاکی‌و ڕێوڕەسمی تایبەت بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، بووە بە نەریتێکی خەباتکارانە. لە کوردستان بە هۆی بایەخپێدان‌و ڕەنگدانەوەی هەر لە کۆنەوەی پرسی ژن لە بەرنامەو تێکۆشانی هێزە نەتەوەیی‌و چەپەکان‌دا، ٨ی مارس بە تایبەت‌و بە گشتی پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی سیاسی‌و ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی کوردستان‌و لە تێکۆشان‌و ژیانی سیاسیی ئەوان دا جێگەو پێگەیەکی تایبەتی هەیەو لەم ڕێگایەوە ژنانی پێشەنگ لە شارو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە، ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن.

ئەمساڵ لە کاتێک دا، بە پێشوازی ٨ی مارسەوە دەچین کە چەوساندنەوەی ژنان‌و تاوان لە دژی ئەم بەشەی کۆمەڵگە، لە زیادبوون دایە. وێڕای درێژەو بەردەوامیی ستەم‌و نابەرابەری‌و چەوساندنەوە قانوونی وعورفییەکان، توندو تیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە بە تایبەتی کوشتنی ژنان یا ناچارکردنی ئەوان بە خۆکوژی، بەردەوامە. ڕۆژ نیە دەیان هەواڵ لە بارەی ژنکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبیسین. کەمتر ڕۆژێک هەیە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی چەندین ژن لە ئاکامی تەحەممولنەکردنی گوشار لە نیوبنەماڵەو کۆمەڵگە دا نەخوێنینەوە.

ل ٣





ئەمساڵ لە کاتێک دا، بە پێشوازی ٨ی مارسەوە دەچین کە چەوساندنەوەی ژنان‌و تاوان لە دژی ئەم بەشەی کۆمەڵگە، لە زیادبوون دایە. وێڕای درێژەو بەردەوامیی ستەم‌و نابەرابەری‌و چەوساندنەوە قانوونی وعورفییەکان، توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە بە تایبەتی کوشتنی ژنان یا ناچارکردنی ئەوان بە خۆکوژی، بەردەوامە. ڕۆژ نیە دەیان هەواڵ لە بارەی ژنکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبیسین. کەمتر ڕۆژێک هەیە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی چەندین ژن لە ئاکامی تەحەممولنەکردنی گوشار لە نێوبنەماڵەو کۆمەڵگەدا نەخوێنینەوە. شانبەشانی دیتنی ئەم ڕووە دزێوەی گوشارو تاوان دژی ژنان، شایەدی ئەوەین کە قەیران‌و کێشە ئابووری‌و کۆمەڵاتییەکان، زۆرترین قوربانییانی خۆیان لە نیو ژنان‌دا هەڵدەبژێرن.

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشی و هیوایە، ئەوەیە کە ژنان کۆڵیان نەداوە. تەمەنی ملنەدانی ژنانی ئێران بۆ پەتی کۆیلەتی‌و یاسا دژەژن‌و کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرامبەرە لە گەڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە. لەو ڕۆژەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی‌و ڕێژیمەکەی لە گەڵ ٨ی مارس لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا، دژایەتیی ئەم ڕۆژەوهاوپیوەندیی جیهانیی ژنانی کرد، ژنانی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی خەبات‌و بەربەرکانی لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە جەهەننەمییە دا بوون.

**وەرگیراو لە پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٨ی مارس**

## کوژرانی کچە خوێندکارێکی کورد لە ورمێ



کچە خوێندکارێکی کورد لە ورمێ بە شێوەیەکی گوماناوی گیانی لە دەست دا.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ لە کوردستان تەرمی شەیدا حاتەمی، خەڵکی گوندی «نوێ» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ لە شوێنی مانەوەی کچان لە زانستگەی ئەندازیاریی جووتیاریی زانکۆی نازلووی ورمێ دۆزراوەتەوە.

ڕۆژی ١٠ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ تەرمی کچە خوێندکاری کورد شەیدا حاتەمی لە شوێنی حەوانەوی «زانکۆی نازلی»ی ورمێ لە حاڵێکدا دۆزرایەوە کە چەند دڵۆپە خوێن بە جلوبەرگەکانیەوە بووە.

ئەم کچە خوێندکارە کە تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، لە ئاستی کارناسیی بەرزدا دەرسی دەخوێند.

تەرمی شەیدا حاتەمی بەر لە ئاگادار کرانەوەی بنەماڵەکەی، بۆ پزیشکی قانوونی گوازراوەتەوەو بەپێی قسەی پۆلیسی جینایی، شەیدا حاتەمی کوژراوە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی ئەم خوێندکارە کوردەوە دەستبەسەر نەکراوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بە هۆی مەرگی گوماناوی کچانی خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران‌و بەتایبەت کوژرانی ئەم کچە خوێندکارە، خوێندکارانی کورد ناڕەزایەتییان دەربڕی.

شایانی باسە کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە خوێندکارە کچەکان بە شێوەیەکی گوماناوی لە شوێنی حەوانەوەی زانکۆکانی ئێران دەکوژرێن.





٥ ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ڕەنگدانەوەکانی



٦ کاردانەوەکان لە ئاستی کارەساتەکان‌دا نین



٧ مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی‌دا



٨ کارەساتی میکۆنۆس، پەروەندەیەکی کراوە بۆ هەموو وەرزەکان



١١ مامۆستا هەژار ئەدیبێکی شارەزاو، وەرگێڕێکی بە توانا

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کومیتەی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە کۆنفرانسی خۆی بۆ نویکردنەوەی کومیتە گشتی لەو وڵاتەدا بەڕێوەبرد. لەو کۆنفڕانسەدا سەید ئەحمەد حوسێنی، نوێنەری کومیسیۆنی تەشکیلات باسێکی سەبارەت بە ئەندامو ئەرکی سەر شانی ئەندام لە ڕێکخراوێکی تەشکیلاتیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتدا پێشکێش کردو لە بەردەوامیی کاری کۆنفرانسدا حوسێن حەسەن زادە، بەرپرسی کومیتەی دانمارک ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی نێوان دوو کۆنفرانسی بۆ بەشدارانی خوێندەوە، کە دواتر لەلایەن بەشدارانەوە بە وردی هەڵسەنگێندراو، وەڵامی پرسیارو تێبینیی ئەندامان لەلایەن سەید ئەحمەد حوسێنی و محمد ئیسماعیلی درایەوە.
شایانی باسە دوایین بەشی کاری کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ هەڵبژاردنی کومیتەی نویێو لەو بەشەشدا کومیتەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبەریی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک هەڵبژێردران.

## بەڕێوەچوونی سمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی بەبەشداری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد




لە سمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی‌دا کە لە وڵاتی سۆئیدو بەبەشداریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە کوردو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات هاتە بەرباس.
ڕۆژی شەممە، ٣ ی ڕەشەمە سمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی حیزب لە سوئێدو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتەکانی فینلاندو دانمارک لە شاری ئۆرێبرۆی سوئێد بەڕێوە چوو.
ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد. دوای بەخێرهێنانی سکرتێری گشتیی حیزبو میوانەکان لەلایەن نەبەز عەلیدووست و ئەسعەد یوسفی، ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی سوئێدوە ئامانج و مەبەست و کارو بەرنامەی سمینارەکە ڕاگەیەندرا.لەو سمینارەدا مامۆستا سیروان حەفیدی، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی شاری ئۆرێبرۆ چەند قسەیەکی وەک دەستپێکی ئەو سمینارە پێشکەش بە بەشداربووان کردو پاشان لەلایەن حەمەرەسووڵ کەریمی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە سەر قسەکانی کاک خالید عەزیزی و کارو ئەرکەکانی کۆمیسیونی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتو کۆمیتەی سوئێدی کورتە باسێک بۆ بەشداربووان باس کرا.
لەو سمینارەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب زۆر بەوردی سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باسە پێوەندیدارەکانی نێوخۆیی حیزب بۆ بەشداربووان دوا .
کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی باسەکەیدا مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم نەتەوەکەمانی هێنایە بەرباسو، هەروەها باسی چلۆنایەتی کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتو مەجالانە کرا.
بەشێکی باسەکانی کاک خالید سەبارەت بە پرسی پرۆسەی لێکنزیکبوونەوەی دێموکراتەکانو ڕێگاکانی چارەسەری ئەم گرفتانەو هەروەها بەرەو ڕووبوونەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێرانو ناوچەکەدا تەرخان کرا وبەڕێزیان زۆر بە وردی تیشکی خستە سەر هەموو ئەو بابەتانەی کە لەو سمینارەدا پێشکەشی کردن.
لە بەشێکی دیکە ئەو سمینارەدا بەشداران بە شێوەی ۆرکشۆپ و گرووپی لە سەر نێوەرۆکی باسەکەی کاک خالید قسەیان کردو و دواتر نوێنەری هەر یەک لەو گروپانە باسەکانی ۆرکشۆپەکەیان بۆ نێو سمینارەکە گوازتەوەو بەشێک لە هاورێیانیش بە شێوەی تاک بیروڕا و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆیان ئاراستەی سکرتێری گشتی حیزب و کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات کرد.
دوایین بەشی ئەو سمینارە بۆ وەڵامدانەوە و تێبینی‌یەکانی کاک خالید عەزیزی تەرخان کرا بوو و هەروەها لە لایەن کاک حەمەرەسووڵ کەریمی بە نوێنەرایەتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتەوە وەڵامی پرسیاەکان درایەوە.

## سیمینارێکی تەشکیلاتی لە نۆروێژ بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکی تەشکیلاتیدا تیشکی خستە سەر دوایین ئالۆگۆڕە سیاسییەکانی کوردستان و سیاسەت و ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەمبەر ئەو ئالوگۆڕانە شی کردەوە.
کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، سیمینارێکی بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە پێک هێنا.
لەو سمینارەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب»و ساتێک بێدەنگیی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد، پاش وتەیەکی کورتی ئەسعەدی خزری، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ، کاک خالید عەزیزی باسێکی گشتیی سەبارەت بە پرسە پێوەندیدارەکان بە سیاسەتە ناوچەیی‌و جیهانی‌و هەروەها ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنایە گۆڕێ.
شایانی باسە کە ئامادەبووانی سێمینارەکەش چالاکانە لە باسەکاندا بەشدارییان کردو بە ڕاو بۆچوونەکانیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## سەردانی هەیئەتێکی پایەبەرزی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی ڕۆژاوای کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە پێکهاتوو لە سکرتێرەکانی ١١ حیزبی ئەندام لەم ئەنجوومەنە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی کاک مستافا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.
دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٦ی ڕەشەممە، هەیئەتێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە لە دانشتنێک‌دا لە گەڵ هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بارودۆخی سووریەو ڕۆژاوای کوردستانیان تاوتوێ کرد.
لە سەرەتای ئەم دانیشتنەدا هەیئەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریە کە لە ١١ کەس لە سکرتێرەکانی ١١ پارتی ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە پێک هاتبوون، لە پێوەندی لە گەڵ ڕەوشی سیاسیی سووریەو بارودۆخی ئیداری‌و ئەمنییەتیی ڕۆژاوای کوردستان کۆمەڵە باس‌و زانیارییەکیان خستەڕوو.
لە درێژەی باسەکەیان دا هەیئەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە بە ئاماژەدان بە ڕێکەوتننامەی هەولێر لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژاوای کوردستان و هەوڵەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هەمەلایەنە لە نێوان هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان‌دا، پێیان وابوو تەنیا ئاشتەوایی‌و یەکتر خوێندنەوەیە کە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان دابین بکا.
لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی داوای لە هێزو لایەنەکانی ڕۆژاوای کوردستان کرد کە بە یەکخستنەوەی هێزو تواناییەکانیان‌و کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوانیان، یارمەتی بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لەو بەشە لە خاکی نیشتمان‌دا بدەن.
هەر لەم پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پشتیوانی پرسی کوردو هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژاوای کوردستان دەزانێ .
شایانی باسە ئەوە هێزو لایەنانەی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریەدا ئەندامن‌و سکرتێرەکانیان میوانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون، بریتین لە:

حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە(الپارتی)، حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە، حیزبی دێموکراتی نیشتمانیی کورد لە سووریە، حیزبی ئازادیی کورد لە سووریە، حیزبی یەکێتیی کورد لە سووریە، حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە، حیزبی یەکێتیی دێموکراتی کورد لە سووریە، حیزبی وفاقی دێموکراتی کورد لە سووریە، بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیی کورد لە سووریە، حیزبی یەکێتی کوردستانی لە سووریەو حیزبی ئازادیی کورد لە سووریە.

## سەردانی شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر

**شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هەولێر کردو لەو کۆبوونەوەو دانیشتنەدا دوایین پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.**
ڕۆژی سێ شەممە، ٢٩ی ڕێبەندان شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە کاک هیوا سەید سەلیم، ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی کارگێڕیو، هەڤاڵ عەبدوڵڵاو کاکە ڕەش ڕەسوڵ لە بەشی پێوەندییەکانی زەحمەتکێشان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا .
لەو دانیشتنەدا پێوەندیو دۆستایەتیی دوولایەنە و چۆنیەتیی بەهێزترکردنی نێوانی هێزە سیاسییە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان قسەی لەسەر کرا، بە تایبەت مەسەلەی لە یەکتر نیزیکبوونەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو خزمەت گەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتیو پرسی ستراتژی نەتەوەیی لەم بەشەی نیشتمان‌دا تیشکی خرایەسەر.
شایانی باسە کە لەم دانیشتنەدا حەسەن حاتەمی ڕێبەریی حیزبو حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندیەکانی حیزب لە هەولێر بەشداری کۆبونەوەکە بوون. .

## کۆتایی دەورەی ٢٠٦ی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکرات



فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە دوای تەواوبوونی دەورەی ٢٠٦ی سەرەتایی ئەو فێرگەیە، پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.
بەپێی ئەو ڕاپۆرتە لە ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەو دەورەیەدا ئەو پۆلە لەلاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای بینینی چەند مانگ دەورەی ڕاهێنانو بارهێنان بە سەرکەوتوویی ئەو قۆناغەیان بڕیوەو لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا سازمان دراون.
لەو ڕێوڕەسمەدا محەممەد کەسرایی، بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب ڕایگەیاند کە هاتنی پۆل پۆل لە لاوانی کورد بۆ ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دەرخەری چەند ڕاستییە، ئەوەش ئەوەی کە لاوانی کورد لە ئاست سیاسەتی سەرکوتو پێشێلکردنی مافەکانیان بەهۆی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نین‌و نابن. ئەوەش کە لاوانی کورد متمانەیان بە حیزبی دێموکڕات هەیەو بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان ڕیزەکانی ئەو حیزبە هەڵدەبژێرن.
لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی فێرکاریی فێرگە لەلایەن تەها باتی‌گوڵو، پەیامی کۆتایی دەورەی ٢٠٦ لەلایەن شەهرام ئەمینی، یەکێک لە بەشدارانی دەورەوە خوێندرایەوەو لە کۆتاییدا کەسانی سەرکەوتووانی دەورەکە لەلایەن فێرگەی سیاسی_ نیزامییەوە خەڵات کران.

کوردستان
٣
ژمارە: ٦٢٧
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢
٦ی مارسی ٢٠١٤



## بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا لە یادی ٤٣ ساڵەی ڕووداوی سیاکەڵ دا

لقی ئەمریکای ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەلقی ئێران لە شاری هێرندنی ویرجینیا یادی ٤٣ ساڵەی ڕووداوی «سیاکەڵ»ی کردەوەو بۆ ئەو بۆنەیەش شاندێکی حیزبی دێموکرات لەسەر بانگهێشتی ئەو ڕیکخراوەیەدا بەشدار بوو.لەو کۆڕیادەدا خاتوو زینەت میرهاشمی لەبارەی ڕاپەڕینی سیاکەڵو کاریگەریی ئەو ڕووداوە لەسەر بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێران باسێکی پێشکێش کرد دواتر کۆمەڵێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکان کە بۆ ئەو یادە بانگهێشت کرابوون پەیامەکانیان خوێندرایەوە. شایانی باسە لەو بەشەدا باس لە پەیامی پرنێوەرۆکی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای حیزبی دێموکراتی کوردستان کراو لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە سپاسی بەشداری هەیئەتی کۆمیتەی حیزب لەو کۆڕیادە دا کرا. پێویست بە ئاماژەیە کە هەیئەتی کومیتەی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کامران باڵنوور، خەبات ئیبراهیم پوور و سیامەند خوسرەوی پێک هاتبوو.

# خەڵاتی کانوونی پارێزەرانی ئەمریکا درا بە دادوەری دادگای میکۆنۆس

ناوەندی هەواڵ– ئەمریکا: ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٢٥٢٠١٤ی زایینی لە یەکێک لە سالۆنەکانی دادگای فیدرالی نیویۆرک و لە لایەن کۆمەلەی پارێزەرانی باشووری شاری نیویۆرک و بە هیمەتی خانوو رۆیا حەکاکیان وخانمی جۆوانا سیبرت قازی دادگای فدرالی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نیویۆرک و بە بەشداری جی.دی. بیندنیگل باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لە ئالمان، ئوتریش سوئیس و هەروەها بە دەیان قازی و پارێزەر کە سەر بە ئەنجومەنی پارێزەرانی شاری نیویۆرک بوون، ڕێورەسمێکی پڕ شکۆ بۆ ڕێزلێنان لە بەڕێز « برۆنو یوست»، دادستانی فدرالی ئالمان و هەروەها « ئەلکساندرفۆن ئێشتال» دادوەری گشتی فدرالی ئالمان بە ڕێوە چوو.

بەرنامەکە لە دوو پانێل پێک هاتبوو. پانێلی یەکەم تەرخان کرابوو بۆ نوسەری کتێبە بە ناوبانگەکەی پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە واتە خانمی رۆیا حەکاکیان و بەشی دووهەمیش تەرخان کرابوو بۆ باڵوێزی پێشوی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ئالمان کە باسێکی تێروتەسەلی لە بابەت دۆسیەی میکۆنۆس و تێرۆر کردنی دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانی پێشکەش کرد.

پاشان لە بەشی دووهەمی پانێلی یەکەم دا کە تەرخان کرابوو بۆ دی.جی.بیندنیگل، باڵوێزی ئەمریکا لە ئالمان لەو سەردەمە دا. ناوبراو ڕووداوەکەی وەکوو بابەتێکی سیاسی ناساند و لە ڕوانگەی خۆیەوەو کارەساتەکەی بە سیاسی وشوێن دانەر لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی دژ بە ڕێژیمی ئێران زانی و هاوکات ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دادگاییەکەی بەرز نرخاند. ناوبراو بە وەبیر هێنانەوەی پەروەندە جۆراوجۆرەکانی نۆرینبێرگ و تێرۆرە سیاسیەکانی روسیە لە ئالمان، دۆسیەی میکۆنۆسی وەکوو ئەو ڕووداوانە هەلسەنگاند و بە ئاماژە کردن بەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامی هەر لە سەرەتای شۆڕش و سەرهەڵدانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دژی، دەستی کرد بە لە بەین بردنی دژبەران و جودا بیرانی خۆی و لەو پێناوە دا لە هیچ پیلانێک درێغی نەکردووە. لە نێو باسەکەی دا تەنانەت ئاماژەی بە فتواکەی خامەنەیی کرد کە پاش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکانی دادگای میکۆنۆس، لە کۆبوونەوەیەک دا لەگەڵ شۆڕای ئەمنییەتی میللی ئێران، حکومەتی ئالمانی لە سەر پێش نەگرتن بە دادگای میکۆنۆس وەکوو دوژمن ناساند و پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە ئەگەر پەروەندەکە



هەروا بەردەوام بێت ئەوە ئێران هەموو ڕێگەیەکی پێویست دژ بە وڵاتی ئالمان دەگرێتە بەر.هەر بۆیە دەولەتی ئالمان ناچار بوو کە خەلکێکی زۆر بخاتە ژێر چاودێری، بەلام سەرەرای هەموو کۆسپ و ئاستەنگەکان لە لایەن ئەو حکومەتە سەرە رۆیەوە، پەروەندەکە رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێش دەچوو، تاکوو سەرەنجام لە سالی ١٩٩٧ گەشتە ئەنجامی خۆی. بەڕێز دی.جی.بیندنیگل لە کۆتایی قسەکانی دا ئاماژەی بە وە کرد کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیهەوێت لە گەڵ دونیای ڕۆژئاوا پەیوەندییەکی گونجاوی هەبێت، دەبێ پێداچونەوە بە کردارو ڕەفتارەکانی دابکات و بۆ جارێکی دیکە متمانەی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا بە دەست بێنێتەوە. بەڕێزیان لەو بڕوایە دا بوو کە حوکمی میکۆنۆس گوشارێکی یەکجار زۆری خستە سەر ڕژیمی تاران و کاربەدەستانی ئەو ڕژیمەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەست لە تێرۆر و ڕەش کوژی نەیارانی سیاسی خۆی هەلبگرێت.

پانێلی دوهەم تەرخان کرابوو بۆ وتەکانی دادوەری گشتی و دادستانی پێشوی ئالمانی فدراڵ بەڕێزان ئالێکساندر فۆن ئێشتال و برۆنۆ یوست. بەڕێز ئالێکساندر بە باس کردن لە سیاسی بوون ودژوار بوونی کەیسەکە، هەڵسەنگاندنێکی دوو لایەنەی بۆ ڕەوتی بەڕێوەچوونی ئەو دادگایە کرد.

یەکەم- گوشارێکی یەکجار زۆر لە لایەن حکومەتی ئالمان و خەلکای ئەو وڵاتەوە خرابوو سەریان بۆ ئەوەی کە دۆخ و چۆنیەتی دادگاییەکە و هاوکات خودی دۆسییەکە لە چوارچێوەی سیاسی بێننە دەرێ و بە لاڕێی دا بەرن. دووهەم ئەو هەموو زەخت و گوشارانە بوو کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی دەخرایە سەرمان و تەنانەت زۆر جار هەرەشەی کوشتن و لە ناوبردنمان لێ دەکرا و تەنانەت هەڕەشەی کوشتن لەو کەسانە کرابوو کە وەک شایەتحاڵ لە کاتی دادگاکە دا ئامادە بوون هاوکاری ئێمە بکەن.

بەڕێز برنۆ لە وتەکانی دا ئاماژەی بە وە کرد کە ئەوکەیسەکەی وەکوو مەسەلەیەکی ئینسانی و یاسایی چاو لێدەکرد. ئێستاش پێی وایە کە ئەو کەیسە لەبەر کەین و بەینی سیاسی و مەسلەحەتی بەینی دەولەتانی ئێران و ئالمان درێژەی خایاند و نەگەشتە ئەنجامی خۆی.

بەشی کۆتایی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ پێشکەش کردنی خەڵات و لەوحەی ڕێزلێنانی کۆمەلەی پارێزەرانی فدرالی ئامریکا، بە بەڕێزان رنۆ یوست و ئالێکساندر فۆن ئاشتال، بە بۆنەی گەیاندنی ئەو دادگایە بە ئەنجامی کۆتایی و مڵ کەچ نەبوون بە ویستی کاربەدەستانی ئێران.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی گوڵالە شەرەفکەندی هاورێ لەگەڵ کامران باڵنور، سیامەند خوسرەوی و خەبات ئیبراهیمپوور بەشداری ئەو ڕێورەسمە بوون و لە نزیکەوە چاویان بەو دادوەرە بەڕێزانە کەوت و سپاس و پێزانینی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەو دادەوەرانە بە تایبەتی و ئەنجومەنی پارێزەرانی وڵاتە یەکگرتووە ئەمریکا کرد.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە زانکۆی سۆران بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک



سمینارێک لە زانکۆی سۆران بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک بەڕێوەچوو،و لەو سمینارەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەلەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران، وەرگێران و مامۆستایانی زانکۆکان خەڵات کران.

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ ی ڕێبەندان لە زانکۆی سۆران سمینارێک بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەویی زمانی زگماکی بەڕێوە چوو. ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی رقیب» و خولەکێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕێی ئازادی و بەتایبەتی نەمرانی ناسراو و نەناسراوی قەڵەمو زمانەوانانی کوردی دەستی پێکردو، دکتور پەخشان، سەرۆکی بەشی کوردی زانکۆی سۆران بەکورتی لەسەر گرینگی زمانی کوردی قسەی کرد و گوتی: مرۆڤ نیشتەجێی زمانە، نەک شوێن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا دوکتور موسلیح مستەفا، سەرۆکی زانکۆی سۆران لەبارەی ڕۆڵی زانکۆ لەسەر زمانی کوردی بۆ بەشداران دواو، تیشکی خستەسەر بەشێک لە کارە گرینگەکانی زانکۆی سۆران وەک، پێویستی ڕیفۆرم لە خوێندنی زانکۆکان، ڕێزلێنان لە نووسەران، وەرگێڕان، و هەموو ئەو کەسانەی بەپێی تواناو پسپۆڕیو زانیارییان خزمەتی زمانی کوردییان کردوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا کورتە فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەبارەی چۆنیەتیی ناونانی ڕۆژی ٢١ی فێوریە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی پیشان دراو لەو کورتە فیلمەدا ئاوڕ لە خەباتی خوێندکاران لە بەنگلادیش بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانی بینگاڵی لە ساڵەکانی ١٩٥١ – ١٩٥٢و کوژرانی ٦ خوێندکار و ژمارەیەک خەڵکی مەدەنیو پرۆسەی بەفەرمی ناسینی زمانی بینگاڵی هەتا ٢١ ی فیوریەی ١٩٩٩، درابۆوە.

لە برگەکانی دیکەی ئەو سمینارەدا د. قەیس بابا تۆفیق، لەبارەی پۆلێن کردنی زمان لە وڵاتانی فرە نەتەوەو ڕەحیم سورخی لەبارەی کاریگەریی پلانی فێرکردنی زمان لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی زگماکیو هەروەها دوکتور دیار عەلی کەمال باسەکانیان پێشکێش کردو باس لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی ڕەشید کرمانج و دکتور دلێر لە سەر زمانی زگماک کراو و بەشێکی لی خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، مەلای ڕەش، مام حەمید ڕەشاش، عەبدولوەهاب شێخانی و د. لەزگین یادگار و پارێزەر تاریق جانباز سەبارەت بە تەمەنێک تێکۆشانی زمانەوانیو خزمەت بە زمانی کوردی خەڵات کرانو ڕەحیم سورخی، ڕەشید کرمانج و. دوکتور دیار عەلی کەمال و حەمە ساڵح فەرهاد، لۆگۆی زانکۆی سۆرانیان پێدرا.

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی زانستی_ یاسایی بۆ باس لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوەکەی شیناوێ

کەمپینی پشتیوانی لە مافی منداڵانی شیناوێ سمینارێکی زانستی_ یاسایی بۆ باس لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوەکەی شیناوێ بەڕێوە برد.

کەمپینی پشتیوانی لە مافی منداڵانی شیناوێ دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە، ١ی ڕەشەممە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە شاری هەولێر سمینارێکی زانستی یاسایی بە مەبەستی تیشک خستنە سەر رەهندە پزیشکی و دەروونی و یاساییەکانی

سمینارەکە بە خوێندنەوەی پەیامی کەمپینی پشتیوانی لە مافی منداڵانی شیناوێ لەلایەن چیا مەلاکەوە دەستی پێکردو لە پانێلی یەکەمدا خاتوو سیلڤانا بایزیدپوور خوێندنەوەیێکی یاسایی لە سەر کارەساتی شیناوێ پێشکەش کرد و تیشکی خستە سەر کۆنڤانسیوۆنە نێودەوڵەتییەکانی مافی منداڵ و یاساکانی تایبەت بە منداڵان لە ئێران.

لە پانێلی دووهەمدا دکتور ڕۆژان ئاشتاب ڕەهەندە پزیشکییەکانی ئەم کارەساتەی شی کردەوە و باسێکی سەبارەت بە قۆناغەکانی چارەسەری منداڵانی شیناوێ پێشکەش کرد و هەروەها سەبارەت بە کەمتەرخەمیی حکومەتی ئیران لەمەڕ بەهاناچوونی ئەم منداڵانە لە ساتەکانی سەرەتای ئەم کارەساتە و هەروەها قۆناغەکانی چارەسەرییان شرۆڤەیەکی پزیشکی پێشکەش کرد.

لە ناوئاخنی پانێلی دووهەم و سێهەمدا پێرفۆرمانسێک بەڕێوە چوو لەژێر ناوی «جەغزێک لە سووتان»

پانێلی سێهەمی سمینارەکە تایبەت بوو بە ڕەهەندی دەروونی ئەم کارەساتە کە لەلایەن دکتور ناسر سیمایی و لەژێر ناوی «شلەژانی دڵەراوکێیی پاش زەبری دەروونی لەمنداڵدا (PTSD)» پێشکەش کرا. دکتور ناسر سەرەتای باسەکەی تەرخان کردبوو بە پێناسە و نمونەکانی PTSD و پێوەرە دیاریکراوەکانی ئەم نەخۆشییە دەروونییە.

بەڕیزیان هۆکارەکان و نیشانەکانی زەبری دەروونی پاش کارەساتی شی کردەوە و هەروەها ڕێگا چارەکان و چارەسەرەکانی تایبەت بە زەبری دەروونی دوای کارەساتی شیناوێ و ئاوێتە بوونەوەی ئەم منداڵانە لەگەڵ کۆمەڵگا، پێشکەش کرد

# کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ



ڕۆژی دووشەممە، ١٢ ی ڕەشەممە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبو ناسر قادرپوور، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو کۆمیتەیە لە گەڵ نۆروێژییەکان سەردانی پارلمانی نۆروێژیان کردو لەلایەن «هەیکی ئەیدسۆل هۆڵموس»، پارلمانتاری سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ پێشوازیان لێکرا.

هەیئەتی حیزب باسێکیان لەبابەت بە مەسەلەی کورد بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هێنایە گۆڕێ، کە تێیدا باسی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤو نەتەوە بندەستەکانی ئێرانو مەسەلەی هەوڵدانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکیی لەخۆ گرتبوو. لەو دیدارەدا باس لەوە کرا کە نابێ کۆمەڵگای جیهانی بە بیانوی کێشەی ئەتۆمی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، کێشەی سەرەکی مافی مرۆف لە ئێرانوپرسی مافی نەتەوە بندەستەکان بە تایبەتی پشگوێ بخا.

شایانی باسە لەو دیدارەدا پارڵمانتار هەیکی ئەیدسۆڵ هوڵموس، بەڵێنی دا کە ئەو بابەتانە بگەیەنێتە دەستی وەزیری دەرەوەی وڵاتو لە پاڕلمانی نۆروێژش بیانخاتە بەرباسو داکۆکیان لێ بکاو، لە کۆتایی دا هەر دوو لایەن پێداگرییان لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکان داگرتەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٧
١٥ی رەشەممەی ١٣٩٢
٦ی مارسی ٢٠١٤



سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## خۆکوژیی پیاوێک لە دێی قامیشەی ڕەبەت

پێتان رادەگەیەنم کە رۆژی ٩ی ڕەشەممە کەسێک بەناوی عەبدوڵڵا مەندە خەڵکی گوندی قامیشەی ناوچەی رەبەت دانیشتووی ڕەبەت لەبەر کێشەیەکی بنەماڵەیی بە تاپڕ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئێستا هاوسەری ئەو کەسە لەلایەن دادگاوە دەسبەر کراوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە کوژرانی ناوبراو لێکۆڵینەوەی لێبکرێ.

## وتاربێژانی مزگەوتەکان بۆ دژایەتیی مەراسمی نەورۆز راسپێردراون



سەبارەت بەگرتنی مەراسمیی نەورۆزی بە هەموو وتاربێژەکانی مزگەوتەکان راگەیەندراوە لە وتارەکانیاندا ئەوە بڵێن کە خەڵک لەو بۆنانەدا بەشدار نەبن. هەربۆیە ئیمام جومعەی رەبەت لە وتاری هەینیی رابردوودا (٨ی رەشەممە)دا باسی لەوە کردوە کە چونکە دەوڵەوت ئەو بۆنانەی پێ خۆش نییە داواتان لێدەکەم کە ئەو بۆنانە لە ڕەبەتو دەوروبەری بەڕێوە مەبەنو بەشداریی تێدا مەکەن. چون ئێمە دەسەڵاتی حکوومەتمان نییەو ئەگەر ئەو بۆنانە بەڕێوەبچن ئەوە لەلایەن داموو دەزگاو هێزە ئەمنیەتییەکانەوە بە توندی دەکەونە بەر ئازارو ئەزیەتی ئەوانو دەگیرێنو سووکایەتیتان پێدەکرێو ئەمنیش بە عینوانی ریش‌سپی ناتوانم هیچ تکایەکتان بۆ بکەم. هەر بۆیە داواتان لێدەکەم کە تەرەقەو تۆق تۆقیلکەش نەتەقێندرێ بۆ دەربڕینی خۆشیی نەورۆز لەو دەڤەرە.

**هەردی رێبوار لە سەردەشتەوە**

## نوێترین زانیاری لەبارەی ئاماری دانیشتوانی مەهاباد

بەپێی هێندێک زانیاری کە لەسەرچاوەیەکی پێوەندیدارە بە ئامارگرتنەکە دەستم کەوتوە ژمارەی دانیشتوانی شاری مەهاباد ١٥٥٧٨٢ کەسە کە ٧٨٤١٢یان پیاو (رەگەزی نێر)نو ٧٧٣٧٠ کەسیان ژن ( رەگەزی مێ)ن.

ژمارەی خەڵکی لادێنشین ٧١١٣٦ کەسە کە ٣٦٣٧٥ کەسیان پیاونو ٣٤٧٦١ کەسیان ژنن.

سەرجەمی دانیشتوانی شارو دێی شارستانی مەهاباد لە کۆتایی مانگی رێبەندانی ئەمساڵدا ٢٢٦٩١٨ کەس بووە کە ٦٦/٦٨٪ یان دانیشتووی شارو ٣٤/٣١٪ یان دانیشتووی دێهاتن.

**نازەنین لە مەهابادەوە**

## پیلانەکانی حاجی هادی بۆ لە داوخستنی رووناکبیرانو چالاکانی فەرهەنگیی کوردستانی ئێران



هادی روکن‌ئابادی ناسراو بە حاجی هادی کە پێشتر فەرماندەی گرووپە زەربەتەکانی قەرارگای هەمزە لە رۆژئاوا بوو، لە ساڵی ١٩٩٩ەوە گەنجینەی موکریانی دامەزراندو چەند گۆڤارو نامیلکەی فەرهەنگییشی دەرکردو هێندێک لە گەنجەکانی بەکاردەهێنا بۆ کار لە سەر رۆژهەڵاتو باشوور، بە ناوی چالاکی فەرهەنگیی کاری سیخوڕی دەکرد، تەنانەت کاتێکیش بوو بە فەرمانداری پیرانشار هەر ئەو کارەی دەکرد. کاتی خۆی لە رێگەی نادیارەوە زۆر زەربەی لەو کەسانە دا کە تێکۆشەر بوونو لە ئەنجومەنی ئەدەبی لە مەهاباد کاریان دەکرد. ئێستاش لە ساڵی ٢٠١٠ەوە کار لە سەر «کوردپرێس» دەکاتو پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کراوە بۆ چەند مەبەست، کە من ئاماژە بە چوار خاڵیان دەکەم: ١_ دژایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو ناشیرین کردنی ئەو حکوومەتە لەبەر چاوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان. ٢_ بەرپەرچدانەوەی راگەیاندنی ئەحزابی رۆژهەڵاتی کوردستان. ٣_ لەژێر ناوی رۆژنامەگەریدا کاری کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر چالاکوانانی رۆژهەڵات، رێکخراوو حیزبەکانیان بۆ دەزگاکانی ئیتلاعاتی. ٤_ راکێشانی کۆمەڵێک نووسەری رۆژهەڵاتو کۆکردنەوەیان تا جەزبی شوێنی دیکە کە خەتەری بۆ پەزەکان هەیە، نەبنو مەهار بکرێن. دیارە مەبەستی دیکەشیان هەیەو من بە کورتی ئاماژەم بەو چەند خاڵە کرد. هەڵبەت نابێ وا لێکبدەینەوە کە هەموو ئەو کەسانە بە کوڕو کچ بە گەنجو پیرەوە کە لەوێ کار دەکەن سەربە کۆماری ئیسلامین یا کەسانی خراپن، بەڵکوو کەسانی زۆر باشیشیان تێدایە کە هەر کەسەو بە هۆکارێک لەو دەزگا تەبلیغیەی کە دەزگا ئیتلاعاتییەکانی لە پشتە کار دەکەن. هیوادارم بەتایبەت رۆشنبیرو نووسەرو... بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن.

## خۆخنکاندنی ژنێک لە ناوچەی بانە



کاتژمێر ٥/٥ ئێوارەی رۆژی دوشەممە ١٣٩٢/١٢/٥ ژنێکی تەمەن ٢٣ ساڵی لە ئاوایی میکی ناوچەی سەرشیوی سەقز بەناوی حەسیبە کچی مەجید هاوسەری مەحموودی مام عەلی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دەگوترێ ناوبراو بەهۆی کێشەی خێزانی خۆی خنکاندوە.

ناوبراو دایکی دوو منداڵ بوو.

**چاوشین لە بانە**

## مامۆستایەکی قوتابخانەکانی شنۆ لە ئاستی ئێران دا بوو بە مامۆستای نموونە

ئارام ئەحمەدپوور، کوڕی مامۆستا مەلا ئەحمەدی نەڵۆسی کە ماموستای نموونەی ساڵی ١٣٩٠ی مەنتەقەو ماموستای نموونەی ساڵی ٩١ پاریزگەی ورمێ بوو، ئەمسالیش بوو بە ماموستای نموونەی ئێران. ئەو ماموستایە ٩ ساڵە کە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دەرس بە منداڵان دەڵێتەوە. ناوبراو ژمارەیەکی بەرچاو نووسینو لێکۆڵینەوەی لە بواری فێربوونو فێرکردن دا هەنو ئێستا لە گوندی «گەڵاز» وانە بە منداڵان دەڵێتەوە. خەڵکی شنۆ بە سەرکەوتنی ئەم ماموستایەو هێنانەوەی ئەم پلەیە لە ئاستی ئێراندا خۆشحاڵن.

## ناساندنی پادگانی گەورەی عەمەلیاتیی شاکرابات بەناوی گوردانی عەمەلیاتی شوهەدای مەککە لە شنۆیە

پادگانی نیزامیی جێگیر لە گەڕەکی شاکرابادی شنۆ بە گوردانی عەمەلیاتی شوهەدای مەککە ناودێر کرا.

ئەوپادگانە گەورەیە ڕووبەرووی گەڕەکی شاکرابادەو لە سەر کەمەربەندیی شێخ عەبدولعەزیز هەڵکەوتوەو دەوروبەری چۆلەو گەورەترین پادگانی شنۆیەیەو زورجاران هێلی کوپتێری لێدەنیشێ وهێزێکی زۆری تێدایە. هەروەها چەکو تەقەمەنی وماشێن ئالاتی نیزامیی زوری تیدایە.لە نێو ئەو پادگانە دەکەل و دەزگای پارازێت خستنە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان داندراونو زور لە ماڵەکانی سەلیماباد ناتوانن کانالە ماهوارەییەکان بگرن. لە سەر دیوارەکانی شوێنی(اطاقک)ی نیگەهبانی هەن وهەمیشە نیگەهبانی لێدەدن و زۆرچەکداری کوریشی تێدان کە هێندیکیان خەڵکی ئەوشارەنو ئەوانی دیکە هی شارو ناوچەکانی دەرەوە وەکو مەهاباد و نەغەدە ومیاندواون . خەلکی شار دەزانن کە هەر وەخت لە نێوشارو دێهاتی شنۆ تێکهەڵچوون ڕووی داوە هیزێکی زۆر لەو پادگانەڕا بە تەواوی ئیمکاناتەوە هاتوونە دەرێو خۆیان گەیاندوەتە شوێنی تێکهەڵچوونەکەو هێرشیان کردوە.

## شنۆ: گوشار بۆ سەرخەڵک لە پێوەندی لەگەڵ بەڕیوەبردنی ڕێوڕەسمی نەورۆزی دا



روژی دووشەممە١٢ ی رەشەمە بەرپرسانی سوپا و هێزی ئینتیزامی وفەرماندار، بانگهیشتی دێهیارەکان و کەیخودا و ریش سپیەکانی شار و گوندەکانی ناوچەی شنۆیان کرد بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنن کە خەڵک نابێ ڕێوڕەسمی نەورۆزی لە چەشنی ساڵانی ڕابردوو پێک بێنن. ئەوان نەیانشاردۆتەوە کە پێکهاتنی ڕێوڕەسمی نەتەوەیی و حەماسی بە بۆنەی چوارشەممە سووری و نەورۆز، بە دژی نەزمی گشتی وئەمنییەتی نیزامە و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدەن پێشی پێ بگرن.ئەوهەوڵانەی کاربەدەستان بۆ پێشگیری لە پێکهاتنی ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکانی نەورۆز، لە کاتێک دایە کە بە گوێرەی هەواڵەکان،لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان،لاوەکان و دلسۆزانی کولتوور و مێژووی کورد، دەیانەوێ ئەمساڵ، نەریتی چەند ساڵی رابردوو درێژە بدەن و بە یەکگرتووی و بە شێوەیەکی جەماوەری،ڕێوڕەسمی نەورۆزی بەڕێوە ببەن.

## لە حەسەناوای سنە لاوێک خۆی کوشت



رۆژی ١٣٩٢/١٢/٢ لاوێکی تەمەن ٢٠ ساڵە خەڵکی ئاوایی تەوریوەری سەر بە ژاوەرۆی سنە بە ناوی محەمەد غوڵام ڕەزایی کوری عەلی بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

ناوبراو دانیشتووی شارۆچکەی حەسەناوای شاری سنە بوو.

دوو ڕۆژ لە پزشکی قانوونی شاری سنە ڕاگیراوە دوای ئەوەی کە ٣ میلیۆن تمەن لە بنەماڵەکەی وەرگیراوە جەنازەکەیان پێ درایەوە.

## تەرحی ئاشنا کردنی ماموستایان وقوتابیان بە مەترسییەکانی مین وخوپاراستن لێیان

بە هاوکاریی ئیدارەی بێهزیستی وئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شنۆیە لە دووقوتابخانەی دانیش وفاتحی تەرحێکی ئاشنا کردنی ماموستایان وقوتابیان بە مەترسییەکانی مین وخوپاراستن لێیان، بەڕێوە چوو. هەروەها پیشانگایەکیش لە وێنەکانی پێوەندیدار بە مین و کارەساتەکانی سەرچاوەگرتوو لە تەقینەوەی مین داندرا. دانانی ئە وجۆرە بەرنامانە بۆ ماموستایان و قوتابیان وەک هەنگاوێکی باش دێتە بەرچاو. چونکە زور ناوچەی کوردستان ئالودە لە ڕەوتی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ گەلی کورد و هەر وەها لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراق دا، مینی لێدانراوە و ئەو مینانەش هەڵنەگیراونەوە و بەردەوام هەڕەشە لە گیان خەڵک و مەڕوماڵاتیان دەکەن و کەم ڕۆژ هەیە چەند کەسێک بە هۆی تەقینەوەی ئەو مینانە نەبنە قوربانی.

## کاسبکارێکی سەقزی لە نزیک زەنجان کوژرا

ڕۆژی ١٣٩٢/١١/٢٨ کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئەفشین حوسێنی کوڕی ڕەشید، تەمەن ٢٦ ساڵ، خەڵکی ناوچەی تیلەکۆی سەقز لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە لە شارۆچکەی قیدار سەر بە زەنجان، تەقەی لێ کرا و کوژرا.

**ئەمین لە سەقزەوە**

## شارویران لە ڕووداوێکی دڵتەزێندا ٤ کەس گیانیان لە دەستدا



رۆژی ١٠ی رەشەممە لە نێوان کاتژمێر ١٠ بۆ ١١ی سەرلەبەیانی لە جادەی کەمەربەندیی ورمێ بۆ میاندواو لە نزیک پردی دارەلەک لە ناوچەی شارویران ماشێنێکی نەفەرهەڵگری ئاوایی خوڕخوڕە لەگەڵ ماشێنێکی سەواریی کابرایەکی تورکزمان خۆیان بەیەک داداو لە ئاکامدا بەداخەوە چوار کەس گیانیان لەدەست دا کە ناوەکانیان بریتین لە: خوسرەو مەعروف‌زادە، کەریم بایزیدی کوڕی حەمەدی عەلی بایزی، ٣_ تووران محەممەدزادە کچی موتەلیب، ٤_ شۆفێری ماشێنەسواریەکە کە تورکزمانەو خەڵکی میاندواوە.

**جەماڵ رۆستەمی – شارویران**

## دانی موجەویزی فروشتنی تەقەمەنییەکانی چوارشەمە سووری بە خۆفروشێک



ئەمسال موجەویزی فروشتنی تەقەمەنییەکانی تایبەت بە چوارشەمەسووری دراوە بە خوفروشێک کە دوکانەکەی لە شەهرەکەو ناوی تەمەرییە. وا دێتە بەرچاو کە کاربەدەستەکانی ڕێژیم لەو شارە دەیانهەوێ بە دانی موجەویز بە پیاوی خۆیان، زووترو باشتر ئەو لاوو مێرمنداڵانە بناسن کە بە پێشوازی چوارشەمە سوورییەوە دەچنو لەم ڕێگایەوە دەیانخەنە ژێر چاوەدێرییەوە.

**لە ئێران زۆربەی بنەماڵەکان بە شێوەی نەریتی و تەنانەت بەهۆی ترس لە پێکهاتەشکێنیی کۆمەڵایەتی، کچەکەیان وەک بوونەوەرێکی ملکەچ و گوێ لەمست پەروەردە دەکەن (واتە ملکەچی بنەماڵە و بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتی) و، کوڕەکان ئەوەندەی دەکرێ زووتر دەنێردرێنە نێو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانن لە کەمترین ماوەدا سەربەخۆیی و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن.**

ئارەش لۆرستانی

**بڕواهەبوون بە یەکسانیی ژن‌و پیاوو ڕەنگدانەوەی لە ژیانی شەخسی‌و بنەماڵەییمان‌و خەباتکردن لە پێناویدا، بەشێکی جیانەکراوەیە لە پێناسەی مرۆڤێکی دیموکرات‌و خاڵێکی سەرەکییە لە پێناسەی ئەندامێکی شیاوی حیزبێکی دیموکرات‌و مودێرن**

پەیامی دەفتەری سیاسی

# ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ڕەنگدانەوەکانی



**ئارەش لورستانی**



لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو کۆمەڵگاکان ـ بە دێموکراتیک و نادێمۆکراتیکەوە ـ ئازادی، خۆشبژێوی‌و یەکسانی وەک دروشمی سەرەکی و ئامانجی ستراتێژیکی خۆیان دەناسێنن، بەڵام ڕاستییەکان و ئامارەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێ‌نیشان دەدەن. ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان و لە ساڵی ٢٠١٣دا، ئەمساڵی بە یەکێک لە خراپترین ساڵەکان ناوبردوە کە بەهۆی هێندێک لە دڵتەزێنترین جینایەتەکان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتەکان جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کردوە کە بناغە و بنەماکەی بریتییە لە ئازادی و یەکسانیی مافەکانی هەموو مرۆڤەکانە لە ڕۆژی لە دیکبوونیانەوە. ئەگەر چاوێک بە ڕێکەوتننامە پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بخشێنین، دەبینین پارێزگاری کردن لە مافی ئەو گرووپە لە مرۆڤەکان کە بە گوێرەی ئامارەکان خەسارگەڵگرترن، زیاتری پێ لەسەر داگیراوەتەوەو وەک تەبسەرەو پەیماننامەی دیاریکراو تۆمار کراون. گەورەترین گرووپ کە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان پێک دێنن، بەڵام زیاترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤیان لەبارەدا تۆمارکراوە، ژنانن. بارودۆخی ژنان لە حکوومەتە نادێموکراتیکەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر خراپتر و نالەبارترە و لە زۆربەی کاتەکان‌دا حکوومەت هەڵاواردنێکی سیستماتیک بەرامبەر بە ژنان پێڕەو دەکا.

گرنگترین بوارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە ئێران بریتین لە دەسەڵاتی خۆیان، مافی خاوەندارێتی و یەکسانی کە هەرکام لەم خاڵانە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا بەسەر چەند لق و بەشدا دابەش دەبن.

سەرەتاییترین پێداویستیی هەر مرۆڤێک هەبوونی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام لە ئێران‌دا منداڵانی کچ یان کوڕ بەرامبەر بە دەسەڵاتی خۆیان، دوو جۆرە هەڵسەکەوتی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ. ئەگەرچی کچان زووتر لە کوڕان دەگەنە تەمەنی بلوغ و دەبێ ئامادەیی تەواویان هەبێ بۆ پێنانە نێو تەمەنی بلووغەوە، بەجۆرێک کە بە دەسەڵاتی تەواو و بێ ترسەوە بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا چاکە و خراپە لێک جیا بکەنەوە و ئەو ڕێگە ڕاستە هەڵبژێرن کە سلامەت و بەختەوەریی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دابین دەکا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئێران زۆربەی بنەماڵەکان بە شێوەی نەریتی و تەنانەت بەهۆی ترس لە پێکهاتەشکێنیی کۆمەڵایەتی، کچەکەیان وەک بوونەوەرێکی ملکەچ و گوێ لەمست پەروەردە دەکەن (واتە ملکەچی بنەماڵە و بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتی) و، کوڕەکان ئەوەندەی دەکرێ زووتر دەنێردرێنە نێو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانن لە کەمترین ماوەدا سەربەخۆیی و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن. بەمجۆرە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک زیان بە هەستی بوونی دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانیی کچان لە بەرامبەر کوڕان‌دا دەگەیەنن و بوار بۆ نەهادینەکردنی هەڵاواردنەکانی دواتر خۆش دەکەن. ڕەوتی دۆزینەوەی دۆست و هاوڕێ و گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزموونەکان لە نێوان کچان و تەنانەت لەگەڵ کوڕانیش دواتر دەبێتە قوربانیی هەڵاواردن و، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەرتەسک کردنەوەی پێوەندییەکانی کچان لە چوارچێوەیەکی تەسک و دیاریکراودا پێناسە دەکرێن. لەم حاڵەتەدا کچ وەک مرۆڤێک کە کەوتبێتە دۆخی بەرگری کردن لە خۆیەوە، تووشی قەیرانی شوناس و کەسایەتی دەبێتەوە و ئەگەر لە داهاتوودا بتوانێ هەلومەرج و ژینگەی خۆی بگۆڕێ، بە ناچاری لە بەرامبەر لۆژیکی کۆمەڵگای نەریتی دەوەستێتەوە و ئەم بەرەورووبوونەوەیە لەوانەیە تێچووی قورسی بەسەردا بسەپێنێ. هەڵاواردن و خەوشدارکرنی دەسەڵات، خاوەندارێتی و یەکسانیی ژن لە قۆناغی پێوەندی گرتن بە ڕەگەزی بەرامبەردا و تەنانەت لە کاتی زەماوەندا، ژن دەکاتە بوونەوەرێکی زۆر هەستیار یان دزەهەڵنەگر (نفوذ ناپذیر)، بەجۆرێک کە لە پێوەندی کردن بە ڕەگەزی بەرامبەر یان شووکردن‌دا چەند جار تووشی شکست دەبێ و، بە پێی ڕوانگەی بە ئامراز زانین یان تەنانەت هێندێک جار بە کاڵا زانینی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، ژن قورسترین تێچوو و هەزینە دەدا و، لە دەستپێکردنەوەی دووبارەی پێوەندییەکی دیکەدا ناچار دەبێ بەربژێری زۆر خوارتر و قەیراناوی‌تر هەڵبژێرێ.

شوێنی پەروەردە لە سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و تەنانەت دامەزراوە تایبەتەکان، ڕاگەیەنەکان و ئامرازەکانی پەروەردەیی و پێوەندییە گشتییەکان لە ئێران، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان فەرهەنگ و کولتووری حکوومەتی بە ژنان بناسێنن و حکوومەت دەیهەوێ ژن لە کۆمەڵگادا بە شێوازی دڵخوازی سیستمی حاکم هەڵسوکەوت بکا، بەجۆرێک کە بە تەواوی ملکەچی خواست و ویستەکانی حکوومەت بێ. بەڵام ئامار و ئەزموون نیشانی‌داوە کە شوێنە پەروەدەییەکان، بە تایبەت زانکۆ، سەرەڕای هەوڵ و پلانەکانی حکوومەت، بەردەوام یەکێک لە گرنگترین و چالاکترین ناوەندەکانی گەشەی وشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنان بوونە و ئەم هێزە خوێندەوارانە، پتانسیەلێکی بەهێزن کە بەردەوام لە بەرامبەر پاوانخوازی و سەرکوتی سیستمی حاکم‌دا دەوەستنەوە. بۆ وێنە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی زانکۆکان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ڕووخاندن و خەوشدارکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی توێژی لاو داڕێژا یەکێکە لە هەوڵەکانی حکوومەت لەم پێوەندییەدا.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا پلاندانان و بە ڕەسمی ناسینی دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانی بۆ ژنان، زەنگی مەترسی و هەڕەشەیەکە کە دەبێتە هۆی ئازادبوونی وزەی ئەرێنی و بنیاتنەری نیوەی کۆمەڵگا، واتە ژنان و، لە ئاکامدا ژنان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا ویست و ئامانجەکانی خۆیان بە کۆمەڵگا و بە تایبەت بە پیاوان بناسێنن و، خولێکی نوێ لە ڕکەبەرایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای ئێران بەرەو ئەو ڕێڕەوە دەبا کە وڵاتانی سێکۆلار بڕیویانە.

ڕاگەیەنەکان بەهێزترین ئامرازی پێوەندیی گشتین لە هەزارەی سێهەم‌دا کە بەردەوام بە بۆمبارانی زانیارییەکان لە هەوڵی ڕاکێشان و کارتێکەری لەسەر بیر و زەینی بەردەنگەکانیان‌دان. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا بە قورسترین تێچووی ئابووری کۆمەڵگای ئێران، بە تایبەت ژنان، بکاتە بەردەنگی ڕاگەیەنەکانی و پێش بە دزەی زانیارییەکانی هێزی دژبەری سیستمی حاکم و، تەنانەت پێش بە بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە جیهانییەکان لە نێوخۆی ئێران‌دا بگرێ‌و، هەلومەرجەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکا. بەڵام خەڵکی ئێران‌و بە تایبەت ژنان نیشانیان‌داوە کە لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئاگاداربوون لە مافەکانیان و بردنەسەری ئاستی ئاگایی و وشیاری کۆمەڵگاکەیان و دەیسەلمێنن کە جیهان بە هیچ شێوەیەک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە ڕەوا نازانێ. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵگا تەنیا ئەوکاتە بە دێمۆکراسی دەگا کە دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانی بۆ هەموو ئینسانەکان دابین بکرێ و بێگومان ژنیش کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگا پێک دێنێ، هەتا مافە ئینسانییەکانی خۆی وەدەستنەهێنێ، بە دێمۆکراسی و داهاتوویەکی گەش ناگا.

**وەرگێران بۆ کوردی:**
**مەسعوود ڕەواندوست**

دریژەی:

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

**کۆماری ئیسلامی بە ناوی ناتەبابوونی پەیماننامەو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە گەڵ ئیسلام، بە ڕاشکاوی‌و رووهەڵماڵاوییەوە دژایەتی‌و ئینکاری سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ئەومافانە دەکا کە پێوەندییان بە ژنانەوە هەیە.**

شانبەشانی دیتنی ئەم ڕووە دزێوەی گوشارو تاوان دژی ژنان، شایەدی ئەوەین کە قەیران‌و کێشە ئابووری‌و کۆمەڵاتییەکان، زۆرترین قوربانییانی خۆیان لە نیو ژنان‌دا هەڵدەبژێرن.

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشی و هیوایە، ئەوەیە کە ژنان کۆڵیان نەداوە. تەمەنی ملنەدانی ژنانی ئێران بۆ پەتی کۆیلەتی‌و یاسا دژەژن‌و کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرامبەرە لە گەڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە. لەو ڕۆژەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی‌و ڕێژیمەکەی لە گەڵ ٨ی مارس لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا، دژایەتیی ئەم ڕۆژەوهاوپیوەندیی جیهانیی ژنانی کرد، ژنانی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی خەبات‌و بەربەرکانی لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە جەهەننەمییە دا بوون.

کۆماری ئیسلامی بە ناوی ناتەبابوونی پەیماننامەو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە گەڵ ئیسلام، بە ڕاشکاوی‌و رووهەڵماڵاوییەوە دژایەتی‌و ئینکاری سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ئەومافانە دەکا کە پێوەندییان بە ژنانەوە هەیە. لە ڕێگای زاڵکردنی ئایدۆلۆژیاو خوێندنەوەی ئایینی- ئەویش خوێندنەوەیەکی دواکەوتووانە- بە سەر قانوونەکان‌و ڕێوشوینەکانی وڵات‌و هەموو بوارەکانی کۆمەڵ‌دا، ئێرانی کردوە بە دۆزەخێکی ترسناک بۆ ژنان. شەرعییەتدان‌و ڕەسمییەتدانی دەسەڵات بە بێمافی‌و سووکایەتی بە ژنان، وەزعێکی وای خولقاندوە کە لە نیو بنەماڵەو کۆمەڵگەش دا، ژنان بە هاسانی لە گەڵ پێشێلکرانی ڕێزو کەرامەتی مرۆیی خۆیان بەڕەوروو بن. سەرەرای ئەم ڕاستییانەو لە گەڵ هەموو گیروگرفتە بیئەژمارەکانی سەرڕێگای ژیان‌و تێکۆشان، ژنان‌و کچانی ئێران، قبووڵیان نەکردوە کە لە قوژبنی ماڵی مێردو باوکدا وەک کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردنی پیاوان بمێننەوەو مل بۆ ئەم وەزعە رابکێشن. ئەوان لە مەیدانەکانی خوێندن‌و خۆپێگەیاندن‌و لە گۆرەپانەکانی کارلە دەرەوەی ماڵ‌و لەبوارەکانی زانستی، کولتووری‌و بە تایبەت لە بەستینی هەوڵدان‌و خەبات بۆ گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی، حوزوورێکی دیارو حاشالێ‌نەکراویان هەیە. لە مەیداندابوون‌و بەرەوپێشچوون سەرەرای هەموو کۆسپ‌و سەختییەکان، وای کردوە بڕوابەخۆبوون‌و شێلگیربوون لە سەر ویستی گەیشتن بەژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەو سەردەمە، لە نیو ژنانی ئێران‌دا، بە هێزتر ببێ‌و ماندووبوون‌و کۆڵنەدان نەناسن.

**داواکارانی یەکسانی لەکوردستان و ئێران!**
**ژنانی خەباتکار!**

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتنی ٨ی مارس بە دەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی خۆی لە داخوازە ڕەواکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستان‌و ئێران، دووپات بکاتەوەو هاودەنگ لە گەڵ ژنانی خەباتکار لە کوردستان‌و هەموو بەشەکانی ئێران، لە سەر پێویستیی کۆتایی هاتنی هەڵاواردن‌و چەوسانەوەو نابەرامبەری دژی ژنان پێ دادەگرێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بۆنەیەدا وەبیر هەموو تیکۆشەران‌و ئەندامانی خۆی‌و تێکرای ڕێکخراوو دامەزراوەکانی خۆی دێنێتەوە کە هاوبەشی لە خەباتی یەکسانیخوازانەو پشتیوانیلێکردنی لەهەر شوێنێک کە تێکۆشانی حیزبی ئێمەو تێکۆشەران‌و ئەندامانی حیزبی ئێمەی لێ بن، ئەرکێکی حیزبی‌و مرۆییمانە. پێمان وایە بڕواهەبوون بە یەکسانیی ژن‌و پیاوو ڕەنگدانەوەی لە ژیانی شەخسی‌و بنەماڵەییمان‌و خەباتکردن لە پێناویدا، بەشێکی جیانەکراوەیە لە پیناسەی مرۆڤێکی دیموکرات‌و خاڵێکی سەرەکییە لە پێناسەی ئەندامێکی شیاوی حیزبێکی دیموکرات‌و مودێرن.

لە پێشوازی ٨ی مارسی ئەمسال دا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان، ئێران‌و جیهان دەکەین. هیوامان ئەوەیە بە پشتیوانیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری هەموو بەشەکانی کۆمەڵ‌و بە تایبەتی بە هاوکاریی حیزب‌و ڕێکخراوە ئازادیخوازو خەبتگێڕەکان، بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان‌و ئێران، پتر بچێتە پێش.

**سڵاو لە ئاڵاهەلگرانی خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی،**
**پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی نیونەتەوەیی ژنان،**
**سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٦ی مارسی ٢٠١٤**
**١٥ی ڕەشەمەی**
**١٣٩٢ی هەتاوی**

**ئەی ژن! ئەوە تەنیا شەیداو حەلیمە نین لە نێو زەلکاوەکەی سەید سادق‌دا، ئەوە رووحی هەموو ژنە کوردێکە لەنیو زەلکاوی ژیان‌دا تلّ ئەدا! بۆیە ئەمساڵ پیرۆزبایی «٨ی مارس»تان لێ‌ناکەم چونکە هەست دەکەم منم لەنێو زەلکاوەکەدا!**

کوێستان فتوحی

**ئەم نادادپەروەری‌و نایەکسانییانە کاتێک ئەوەندەی دیکە بێزهەستێنتر و ناشیرینتردەبێ کە لە کۆمەڵگە نەریتی‌و مەزهەبییەکان‌دا بە هەموو هێزەوە هەوڵ دەدرێ رەواڵەت‌و فۆرمی مەزهەبی‌و نەریتی پێ بدرێ. ترسێک لە دڵ دەخەن کە ئەگەر ئەو سنوورانە ببەزێنن، لە خواو خەڵقی خوا دەبن.**

فەرزانە کەیوانی

# کاردانەوەکان لە ئاستی کارەساتەکان‌دا نین



کوێستان فتوحی

..... لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان‌دا رۆژانە بە دەیان کارەساتی ئینسانی روودەدەن کە هێندێکیان یەکجار دڵتەزێن‌و خەمهێنەرن. هەر یەک لە ئێمە کە رۆژانە چاو لە میدیاکان و ماڵپەڕەکان دەکەین کەم وا هەیە نەکەوین بە سەر وێنەیەک یان هەواڵی رووداوی کارەساتێکی ئینسانی دا، یان هەر بۆخۆمان شاهیدی زیندووی رووداوێکی ناخۆش‌و کارەساتبار نەبین.

ئەزموونەکان بە ئێمە دەڵێن لێرە مرۆڤ نرخی نیە، یان دڵرەقی گەیشتۆتە ئاستێک کە ئیتر نە خۆشەویستی نە ئینسانییەت و حورمەت بەلای زۆر لە مرۆڤەکانەوە بایەخیان نیە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەسەڵاتێک کە دەبێ خۆی پارێزەری گیان‌و حورمەت و کەرامەتی ئینسانەکان بێ، رۆژانە بەردەوام ئینسان سووکایەتی پێ‌دەکرێ‌و شعووری بریندار دەبێ‌و تەنانەت گیان لێ‌دەسەندرێ. کەچی ئێمەمانانیش بەشێکمان بۆ سەیری گیان لێسەندنەکانیش تاریک و روونی بەیانی دەڕۆین بۆ سەیری «سەمای مردنەکان»! بەشێکیشمان بە ئاخ و داخێک هەروا سادەو ساکار بەلایان‌دا تێ‌دەپەڕین. هەڵبەت لە بێدەسەڵاتی و داماویمانە لە ئاست ئەو کارەساتانەدا بێدەنگیمان کردۆتە پیشە! هێندێکیشمان هەر پێمان وایە لە کۆمەڵگەدا ئەو جۆرە رووداو کارەساتانە هەر دەبن!!

ئالێرەدایە کارەساتەکە قووڵتر دەبێتەوە، کە پێمان وابێ دنیا هەر وا هاتوە و ئینسان دەبێ بمرێ جا قسمەت و نسیب!!

***

**لە هەر وڵاتێک دیاردەو رووداوێک روودەدا، دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لێی بەرپرسە**

هەر لێرە قوتابخانەیەک ئاگر دەگرێ‌و نزیک ٣٠ منداڵ جەستە ناسکەکانیان تێی‌دا هەڵدەقرچێ، کەچی دەسەڵاتداران‌و بەڕێوەبەران شەرم دایان ناگرێ‌و ئێمەش خەوی ئارامیان لێ‌تێک نادەین، دەڵێن رووداوەو هاتوە چمان پێدەکرێ؟! دیسان هەر لێرە مرۆڤە هەژارەکان بۆ تێرکردنی سکی برسی مناڵەکانیان بەرەوپیلی گوللەی پاسدارانی «خاک‌و سنوور» دەچن‌و.... بنەماڵەکەشیان دواتر دڵیان بەوە خۆشە پرسەیان بۆ دادەنێن‌و فاتیحایەکیان بۆ دەخوێندرێ‌و دەچنە سەرگۆڕەکەیان‌و سوکونابیان دێ! لە ئاخریش‌دا روو لە ئاسمان دەکەن‌و دەڵێن خودایە شوکرین بەبەشت کوڕەکانی دیکەمان سڵامەت!....

دیسان لێرە پیاوێکی بەساڵاچوو خۆی دەکوژێ‌و خەڵک دەڵێن جا ئەو بۆ بەو تەمەنەوە! وەک ئەوەی وابێ لاوەکانمان هەر بۆ مردنی لەوشێوە خولقابن....

دیسان شەیدای ٢٤ ساڵەی خوێندکار، وەک کچە مەریوانییەکە لە ژوورەکەی خۆی لە دانشگا بەکوژراوی دەبینرێتەوەو لە کۆتاییش‌دا دەگوترێ روون نیە بۆ کوژراوە! یان لە حەوتوویەک‌دا ٢ ژن ٣ و.... لە دەست داخ‌و دەردی رۆژگار جەستەی خۆیان دەسووتێنن‌و کەسیش بۆی گرنگ نیە بۆ!

لەملاش لە شارێکی دێرینی کوردان کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە خەوی شیرین دا لەشی بە گوللەی تفەنگ ئاژن ئاژن دەکرێ، کەچی لەملاو لا گوێمان لێ‌دەبێ گۆڕستانی ژنە کراس سوورەکان‌و، پیاوانی خزمەتگوزاری میللەتیش! بێزیان نایە یان «ئەوە دەبێ چ کچێک بووبێ لەو تەمەنەدا باوکی دەستی بچێتە خوێنی! باوک قەت لەخۆڕا ئەولادی خۆی ناکوژێ» .... دەسەڵاتی ئەمشارەش کە گوێی عالەم‌و ئاسمانیان کەڕ کردوە بە تاریفی جوانییەکانی شار، نەک داناچڵەکن، جارێ سەرمەستی جوانیی نیشتمانن! نیشتمانێک کە چۆم‌و رووبارەکانیشی خەریکن دەبنە رەنگە لەترسی لەدەستدانی حورییەکانی بەهەشتی خودا! دەست لە جەستەی سڕو حەرامیان نادەن.... نیشتمانێک خەریکە حیجابی عەرەبی – خلیجی زۆر بەنرختر دەبێ لە کچە کوردێکی عاشق کە .... تەنیا ئارەزووی «ژیان»ی هەیە کە پێی رەوا نابینرێ...

«ئێوە کە نازانن ئەوانە بۆ کوژراون، لەخۆتانەوە بۆ داری دیفاعتان بۆ هەڵگرتوون»! ئەمە قسەی چالاکێکی! نێو تۆری فەیسبووکە... ئەو گیانی دوو خوشکەکەی کە لە زەلکاوەکەدا بە مردوویی دیترانەوە بۆ گرنگ نیە، بەڵام بۆی گرنگە لۆمەی ئەوانە بکا کە ئازارەکە بی هی خۆیان دەزانن! ئەگەر بەقسەی ئەوانە لەسەر «بێئەخلاقی» کوژرابن، رەوانیە دیفاع لێ‌کردنیان! هاوار ئەوە چ کارەساتێکە لەم نیشتمانە روودەدا؟! قسەکانیان لە برینی گوللە و چەقۆکانیان بەژانترە.....

ئەی پیاو! تۆ کە زیرەکانەش سیمای ئەخلاقت بەخۆت گرتوە، تۆ کە هێزی پیاوەتیت لە پەردەی کچێنی کچەکاندا دەبینیەوەو تەنانەت چێژ لە رووتبوونەوەی جەستەی ژنە ئەکتەرەکانی نێو فیلمەکان دەبینی، چۆن باوەڕت پێ بکەم!

****

ئەی ژن! ئەوە تەنیا شەیداو حەلیمە نین لە نێو زەلکاوەکەی سەید سادق‌دا، ئەوە رووحی هەموو ژنە کوردێکە لەنیو زەلکاوی ژیان‌دا تل ئەدا! بۆیە ئەمساڵ پیرۆزبایی «٨ی مارس»تان لێ‌ناکەم چونکە هەست دەکەم منم لەنێو زەلکاوەکەدا!

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لەو کارەساتانەی روویان داوەو لەمەودواش روو دەدەن، بەڵام بەداخەوە خەریکە بەلای هەموومانەوە ئاسایی دەبێ.

**١_ ئەوین عوسمانی ١٧ ساڵە خەڵکی بانە، هاوینی ئەمساڵ بە گوللەی هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئێران کوژرا.**

**٢_ شەیدا حاتەمی ٢٤ ساڵە کچە خوێندکاری خەڵکی ورمێ کە رۆژی ١٠ی رەشەممە بە کوژراوی لە « خوابگاە»کەی لە زانکۆی ورمێ دیترایەوە.**

**٣ _ سەحەر چووبینی ١٩ ساڵە کچە خوێندکاری مەریوانی لە هاوینی ئەمساڵ لە زانکۆی هەمەدان بە شێوەیەکی گوماناوی جەنازەکەی بە هەڵواسراوە دیترایەوە.**

# ئەم کاروانی خەباتە بەردەوامەو ئێمەش لە تێکۆشان کۆڵ نادەین

## بۆ دایکم، کە ژن بوونی فێر کردم



فەرزانە کەیوانی

ئەمڕۆ هەشتی مارسە، رۆژی جیهانین ژنە. رەنگە هێندێک لایان وابێ بوونی ئەم رۆژە خۆی پێناسە بکا. بوونی ئەم رۆژە، واتە ژیان لە جیهانێکی پیاوسالاردا، کە مافی دوو رەگەز یەکسان نی‌یە. بەبێ رەچاوی بڕوامەندی و بڕوانەکردن بەم هرزە، دەبێ بڵێین ئەم دیوارە زۆر لە دیوارە هەڵاواردنەکانی دیکە پانترە.

هەشتی مارس بۆیە بە رۆژی جیهانی ژن ناونرا، تا ببێ بە بیرەوەریی ئەو ژنانەی بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی نرخێکی قورسیان دا، بەڵام پێم وایە دەبێ هێستاش ژیانێکی زۆر ببنە بارمتە تا جیهان سەری کرنۆش‌و رێز بۆ بوونیان دانەوێنێ. ژنێکی زۆر لە چوارگۆشەی ئەم جیهانە سووکایەتی‌و بێرێزییان پێ‌کرا، گیران‌و سووتان تا دنیا بزانێ چ زوڵم‌و ستەمێکی زۆر لە نێوەی ئەندامانی خۆی دا دەکا.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم نادادپەروەری‌و نایەکسانییانە کاتێک ئەوەندەی دیکە بێزهەستێنتر و ناشیرینتردەبێ کە لە کۆمەڵگە نەریتی‌و مەزهەبییەکان‌دا بە هەموو هێزەوە هەوڵ دەدرێ رەواڵەت‌و فۆرمی مەزهەبی‌و نەریتی پێ بدرێ. ترسێک لە دڵ دەخەن کە ئەگەر ئەو سنوورانە ببەزێنن، لە خواو خەڵقی خوا دەبن.

لێرە وایە پیشکەوتن، بیرکردنەوە، خوێندنی باڵای ژنان‌و هەزاران پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دیکە بە دڵی دەسەڵاتبەدەستان و پشتیوانانی فرەژنی - بۆ وێنە - و دەیان قانوونی پڕ لە سووکایەتی دیکەی دژی ژنان، نیە. ئەگەر خۆسوتاندنی ژنان، سەقەت کردنی ئەندامی جینسی ژنان، لەشفرۆشی کچە تازەپێگەیشتووکان، روخساری هەڵقرچاوی ئەو کچانەی قوربانی ئەسیدن، غیرەتی کۆمەڵگا ناهەژێنن، با ئەوە بزانین نەک بڕگەیەکی کۆمەڵگە، بەڵکو هەموو تان



و پۆی ئەم کۆمەڵگایەمان پڕ لە رەخنەو ئیرادە.

با قبوڵی کەین غیرەتی گشتی کۆمەڵگەی وڵاتەکەمان لەبری ئەم هەمووە دەردو ژانە هێشتاش بە خۆ رووتکردنەوەی کچە ئەکتەرێک دەهەژێ، دیارە ئابرووی کۆمەڵگەیەک لە گرەوی وێنەی رووتی کچێک دایە بۆیە دەبێ بەرازانەوەی ماڵپەروتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌و بابەتی بەرگەنگەشەی لایەنگران‌و دژبەرانی، بە جێی ئەوەی خەم‌و خەفەت‌و هەڵاواردن‌و بێ مافی ژنان، ئاوات‌و ئارەزووی لە گۆڕ نراوی هەزاران کچی لاوی دڵ پڕلە حەزو خۆزیای ژێر هەوری چڵکن‌و رەشی نەزانی‌و نەریتە چەوت‌و باوەکانی بست بەبستی ئێران پەنجەی بخرێتە سەر.

نیشاندانی بێکەموکوڕیی کۆمەڵگەی رۆژئاوا لە بارەی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسی بە هۆی جیاوازییە جنسییەتییەکان رەنگە جگە لە خۆشخەیاڵی شتێک نەبێ.

لەوانەیە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکانیش لە پێوەندی لەگەڵ هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسییەکان لە بواری جیاوازیی رەگەزییەوە زۆریش بێ‌کێشە نەبن.

بەڵام میراتی منی ژنی رۆژهەڵاتی کە لە سنووری داخراوی بیرو هزری مەزهەبی‌دا هەڵمداوە، زۆر روون‌و ئاشکرایە. ئەم دۆخ‌و رەوشە نالەبارەی تێی‌چەقیوم پێویستی بە رێگەچارەو دەربازبوون هەیە، بۆ لە کۆڵ خۆکردنەوە نابێ. دەبێ کۆتایی بەم بارودۆخەی کۆمەڵگە ئیسلامی‌و نەریتخوازەکان بێنین کە ژیانی ژنی کردوە بە کارەسات‌و هەڵکردن دەگەڵ ئەم قانوونانە باوی نەماوە. ئەمڕۆکە ژنانی میسری خەباتێکیان دەستپێ کردوە، تا بەم‌جۆرە نیوەی دیکەی کۆمەڵگەکەیان تێ بگەیەنن کە ئەوان تەنیا کالایەک نین بۆ خۆخاڵی کردنەوەی کاتیی پیاوان لە کەلێن‌و قوژبنی شەقامەکان‌دا، ئەوان دەتوانن بەهەموو جل‌و بەرگێکەوە سەما بکەن‌و لەسەر شەقامەکانی وڵاتەکەیان بە نیوەی دیکەی کۆمەڵگە بڵێن ناتوانن بە پستاوتنم «منی ژن» لە گۆشەی ماڵەوەو بە هەڕەشە و ئازاردانی جینسی بەسەرمدا سەرکەون، تۆ(تۆی پیاو) دەبێ رابێی بە هەموو جل‌و بەرگێکی من‌و دەگەڵم سەما بکەی‌و هەڵپەری.

ئەمڕۆ هەشتی مارس. ئەو رۆژەی ژنە کرێکارەکان کارگەی(رستن)ی شاری نیۆیۆرک لە ساڵی١٨٥٧دا لە پێناو یەکسانخۆازی‌دا دەستیان کرد بە خەبات. پەنجا ساڵ دواتر کاتێک ژنان دیسان بۆ داوای مافەکانیان نارەزایەتیان دەربری، ئاگرێک هەناوی داگرتن کە هیندێکی کەمیان بەم ئاگرە نەپژان‌و نەسووتان، بڵێسەی ئەو ئاگرەی ناخ‌و هەناوی ئەم ژنانەی کە بۆ ژنانی دیکەی جیهان بەمیراتیان جێ هێشت خەبات بۆ بەدەستهێنانی شوناس‌و پلەوپێگەی مرۆییانەیە .

ئەم کاروانی خەباتە بەردەوامەو ئێمەش لە تێکۆشان کۆڵ نادەین. . . . .

**وەرگێڕان بۆ کوردی: تەهای رەحیمی**





**لە بەرچاوگرتنی ڕەگەز، بە هەر ژن و پیاوێکی موسوڵمان کە لە ئێراندا دەژی، دەگوترێ کە بێ ئەملاو ئەولا خۆی هاوسەنگ بکا لەگەڵ ویستە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە دەتوانین بڵێین قانوونی بنەڕەتی ئێران سنووربەندی ئیدۆلۆژی بە ڕەسمی ناسیوەو ژیانی تاکەکانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چوارچێوەدار کردوە.**

عومەر باڵەکی

**ئێستا کە خامنەیی مەترسییەکانی بە جیددیی وەرگرتووە و بە وتەگەلی شێوە ئامۆژگارییانە نەک ئەکادیمیانە و، بە خستنەڕووی « گەڵاڵە ئابوورییەکان» ڕاستەوخۆ دەستی لە کاروبارە ئابوورییەکان وەرداوە و هەمووان بۆ باشترکردنی دۆخی قەیراناوی هان دەدا، دەبێ چاوەڕوان بین ئایا کاسەی سەبری خەڵک لێوڕێژتر دەبێ یان کیسەی خەلیفە بەتاڵتر**

ئەیوب شەهابیراد

# مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا



عومەر باڵەکی

لە پێشەکی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا بەو شێوەیە دەستنیشان کراوەو لێرەدا هەر بە دە قە فارسییەکەی وە ک خۆی نەقڵی دەکەینەوەولە دواییدا شیدەکەینەوە.

**«درایجاد بنیادهای اجتماعی، نیروهای انسانی که تاکنون در خدمت استثمار همه جانبه خارجی بودند هویت اصلیو حقوق انسانی خود را بازمییابند....... خانواده واحد بنیادین جامعه و کانون اصلی رشد و تعالی انسان است و توافق عقیدتی و آرمانی در تشکیل خانواده که زمینەساز اصلی حرکت تکاملی و رشدیابنده انسان است اصل اساسی بوده ..........و ضمن بازیافتن وظیفه خطیر و پر ارج مادری در پرورش انسانها مکتبی پیش آهنگ و خود همرزم مردان در میدانهای فعال حیات می باشد............».**

ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو پێشەکییە هەڵدێنجێندرێ ئەوەیە کە قانوونی بنەڕەتی ئێران کەسایەتی ئەسڵی ژنانو مافی ئینسانی ئەوانی تەنیا لە ڕوانگەی پێکهێنانی بونیادە ئیسلامییەکان بە قانوونیو مەشروع داناوەو دەبینین کە بەشێوەی سەربەخۆ سەرنجی نەداوەتە مافی ژنان، بەڵکوو زۆرتر وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی چاوی لێدەکا. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر دەتوانین لەسەر هێندێک لەو وشەو دەستەواژانەی کە لەو دەقەدا هاتوون هەڵوێستە بکەینو

ئەو کات تێڕوانینی کۆماری ئیسلامیمان لەسەر پرسی ژن زیاتر بۆ دەردەکەوێو روون دەبێتەوە کە یاسادانەر تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە لە باوەڕەکانی خۆی لانەداو وەک ئامرازێک لە ژنو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا کەڵک وەربگرێ.

لەو جێگایەدا کە باس لە «توافقی عقیدتی و آرمانی» دەکا ئەو ناتەباییە لەگەڵ مافی مرۆڤ بە تەواوی خۆی دەردەخا. ڕاستە کە باس لە پێکهاتن «توافق» لە نێوان ژنو پیاودا دەکرێ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بەڵام زیادکردنی وشەکانی «عقیدتیو آرمانی» نیشانەی ئەوەیە کە یاسادانەرلە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا ئەو تەوافوقە ئازادانەی نێوان ژنو پیاوی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش قبووڵ نیە، بەڵکوو دەبێ لە بواری بیروباوەڕەوە واتە «عقیدە» پێکەوە هاوسەنگییان هەبێو ئەوە دەچێتە خانەیەک کە سنووری دیاریکراوی نیە واتە ڕوون نیە سنووری «عقیدە» هەتا کوێ دەچێتە پێشو ژنو پیاو چۆن دەتوانن ئەو هاوسەنگییە دروست بکەن چونکە ڕوانگەکانی «عقیدتی» زاڵ لە کۆماری ئیسلامیدا جیاوازنو ئاڵوگۆڕیان بە سەردادێو لە هەمان کاتدا ئیزافە کردنی وشەی «آرمانی» بەر بەستێکی دیکەیە لە بەردەم ئیرادەی ژنو پیاودا کە ئەو وشەیە زیاتر سنوورداریان دەکا بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشو ڕەنگە یاسادانەر مەبەستی لە «آرمان» هەمان ئامانجی سیاسی کۆماری ئیسلامی بێ. چونکە بە کردەوە دەبینین بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیداراتی دەوڵەتیدا ئیدارەی «عقیدتی سیاسی» دروست کراونو زۆریش چالاکو فەعالن.

لە لایەکی دیکەوە هەر لەو پێشەکییە کورتەی یاسای بنەڕەتی ئێران کە باس لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ژنو پیاو دەکا بە مەبەستی دروست کردنی بنەماڵە، لە ژنو پیاوی ئێرانی دەوێ هەتا خزمەتی قوتابخانەی ئیدولۆژی دینی کە کۆماری ئیسلامی لە سەر دامە زراوە بکەن، چونکە یاسادانەر لوتکەی گەشەو پێگەیشتوویی تایبەت دەکا بە ئەو دەستە لە ئیماندارانی موسوڵمان کە شایستەی وەدەستهێنانی سفەتی مەکتەبی بن. چونکە مرۆڤی مەکتەبی، بێ

لە بەرچاوگرتنی ڕەگەز، بە هەر ژنو پیاوێکی موسوڵمان کە لە ئێراندا دەژی، دەگوترێ کە بێ ئەملاو ئەولا خۆی هاوسەنگ بکا لەگەڵ ویستە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە دەتوانین بڵێین قانوونی بنەڕەتی ئێران

سنووربەندی ئیدۆلۆژی بە ڕەسمی ناسیوەو ژیانی تاکەکانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چوارچێوەدار کردوە. لێرە دایە دەبینین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا چۆن بە یاسا کراوە چونکە ئەو پێشەکییە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دارشتنی تەواوی قانوونەکانی دیکە کە پێوەندییان هەبێ بە مافی ژن یا مافی تاکەکان لە کۆمەلگادا.

ئەوەتا هەر لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ئەسڵی ٣ بەندی ١٤دا بەو شێوەیە باس لە یەکسانی ژن و پیاودا دە کا :»دابین کردنی

مافی هەمە لایەنەی تاکەکان لە ژنو پیاوو پێکهێنانی ئەمنییەتی دادوەرێکی دادپەروەرانەیە بۆ هەمووانو یەکسانیی گشتی لە بەرامبە ر قانووندا.»

یەکسانیی گشتی لە بەرامبەر قانووندا دەربڕی ئەو ماناییە کە گویا ژنوپیاو لە یاساکانی ئێراندا مافی یەکسانیان هەیە بەڵام ئەوە وانیە چونکە هەر ئێستا چاو لە قانوونە نووسراوەکانی ئێران بکەین دەبینین قانوون خۆی هەڵگری نایەکسانییە، هەر بۆیە دەکرێ مەبەستی یاسادانەربە شێوەیەکی دیکە تەفسیر بکەین. کاتێک قانوون خۆی هەڵگری مافی یەکسان بۆ تاکەکانی دوو ڕەگەز نیە، ناتوانرێ ئەو یەکسانییە کە یاسادانەری کۆماری ئیسلامی لە قانووندا باسی کردوە بە ئیمتیاز دابندرێ. بە واتایەکی دیکە بەندی

١٤ لە ئەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی باس لە یەکسانی دادخوازیدا دەکا نەک یەکسانی لە دادرەسیدا. چونکە قانوونەکانی دیکەی وەک قانوونی بواری شارستانی «مدنی»

و قانوونی سزادانی ئیسلامی بە شێوەیەکی دیکە باس لە دادرەسیو یەکسانی دەکەن بە باسکردنی دوو نموونە دەتوانین باشتر ئەو بابەتە روون بکەینەوە.

مادەی ٩٤٩ لە قانوونی بواری شارستانی «مدنی» بەو شێوەیە باس لە دابەشکردنی میرات دەکا لە نێوان ژنو پیاوێک کە پێکەوە ژیانی هاوسەرییان هەیە.

_ «ئەگەر هیچ وەرەسەیەک نەبوو بۆ وەرگرتنی میرات بێجگە لە ژن یا مێرد، تەواوی میراتی ژن، دەدرێ بە مێردەکەی بەڵام لەو حاڵەتەدا ژن تەنیا ئەو بەشەی بۆی دیاری کراوە پێی دەدرێو ماباقی ماڵەکەی دیکەی مردووە کە بە حوکمی مادەی ٨٦٦ لە هەمان یاسادا دەبێتە ماڵی کەسانی بێ وەرەسەو دەوڵەت دەستی بەسەردا دە گرێ.

مادەی ٢٥٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی «مجازات اسلامی» بە شێوەی خوارەوە باس لەوە دەکا کە چۆن بکوژی ژنێک کە حوکمی قەساسی هەیە ئەو حوکمە بەڕێوە دەچێ.

_ «هەر کاتێک پیاوێک ژنێک بکوژێ دەبێ خوێنگرانی ژنەکە نیوەی خوێن بەها «دیە» بدەن بە بکوژە کە ئەو کات دەتوانن حوکمی قەساسی لەسەر جێبەجێ بکەنو بکوژ دەتوانێ بە کەمتر یا زیاتر لە سەر رادەی خوێن بەها «دیە» لەگەڵیان پێکبێ.»

ئەوانەی سەرەوە دوو نموونەن لە دەیان نموونەیتر کە دەرخەری ئەو راستیین کە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە ناتەبان لەگەڵ پاراستنی مافی مرۆڤەکانو بە تایبەتی مافی ژنو بۆمان دەردەکەوێ کە لەو قانوونانەدا ژن وەک مرۆڤ سەربەست نیە بەڵکوو لە ژێرچاوەدێری پیاو و دەوڵەت دایە، هەر بۆیە ئەو قانوونانە ناتوانن پێناسەی قانوونێک بن کە یەکسانیو دادپەروەری لە هەمووبوارەکانی ژیاندا دەستەبەر بکا.



# ئابووریی خۆڕاگرانە (اقتصاد مقاومتی)

## نەخشەڕێگەی چوونەدەر لە قەیرانی ئابووری یان قەیرانی حکوومەتی



ئەیووب شەهابی ڕاد

ماوەیەک لەوەپێش عەلی خامنەیی، لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی سەرۆکەکانی هەر سێ دەسەڵاتەکەی ڕێژیم، وێڕای ڕێزلێنان لە بایەخدانی تایبەتیی ئەوان لە دەرکردنی بەرنامەی بەڕێوەبەری بۆ بەدواداچوونی هەرچی خێراتری نەخشە ڕێگاو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئابووریی خۆڕاگرانە، جارێکی دیکە جەختی لەسەر خێرایی لە ئەنجامدانی بەرنامە پێوەندیدارەکان کردەوە و چەند وتەیەکیشی سەبارەت بە هاوئاهەنگیی دەسەڵاتەکان، چۆنیەتی بەڕێوەبردنو وەدیهێنانی سیاسەتەکانی (ئابووریی خۆڕاگرانە) و هەروەها دەرکردنی یاساگەلی نوێ لە حاڵەتی پێویستدا پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

ئابووریی خۆڕاگرانە ئەدەبیاتێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانو لەلایەن ڕێبەری ڕێژیم خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی لەم گوزەرەوە دەوڵەت بتوانێ بەسەر ئەو تەحریمانەدا زاڵ بێو هەڕەشەی تەحریم بکاتە دەرفەت. تەنانەت لە پاساوی ئەم گەڵاڵەیەدا هاتووە کە: « ئەو پرنسیپ و بنەماگەلەی کە دەبێ ئابووریی ئێران هەیبێ، ئەدەبیاتێکی بە نێوی ئابووریی خۆڕاگرانەی داهێناوە». هەروەها لە بواری بەرەوپێشبردنی ئەم گەڵاڵە ئابوورییەدا پێداگرییەکی زۆر لەسەر ناسین و دیاریکردنی کێشەوگرفتە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران کراوەتەوە.

پێش ئەوەی باسی ڕادەی سەرکەوتنو شکستو هەروەها هۆکارەکانی خستنەڕووی پڕۆژەی (ئابووریی خۆڕاگرانە) بکەین، پێویستە لەسەر ناوەڕۆکو ئامانجی قسەکانی ئەمجارەی خامنەیی لەم بوارەدا ورد بینەوە. زۆربەی کاتەکان قسەکانی خامنەیی لایەنی بەناو مەعنەوی ـ ئامۆژگارییان هەبووەو بۆ هێورکردنەوەی کێشمەکێشو ناکۆکییەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵات بووە، بەڵام ئەمجارە وتەکانی ناوبراو دوو تایبەتمەندیی گشتیان هەبوو: یەکێکیان تەنگەتاوییو داواکاریی خێرایی لە کار لە بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیەو ئەوەی دیکە لایەنی ئیجرایی ـ دەستوورییەکەی. بە لەبەرچاوگرتنی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆو پێشنیارە بەردەوامەکانی خامنەییو هەروەها لە بواری بەڕنگاربوونەوەی قەیرانی ئابووری ـ ڕێژیم لە ئێستادا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دان بە کاریگەربوونی تەحریمەکان لەسەر ڕەوشی هەنووکەیی ئابووریی ئێران ناوە

ـ دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وادیارە دامودەزگای دەسەڵاتدارێتیی ئیرادەی جیددیی بۆ چوونەدەری هەرچی خێراتر



سێ دەسەڵاتەکەو هاوئاهەنگیی پێویست لە جێبەجێکردنی هەرچی خێراتری نەخشەڕێگای (ئابووریی خۆڕاگرانە)،

لەقەیرانی ئابووریی هەیە، بەڵام ئەم خیراییو تەنگەتاوییەی خودی خامنەییو هەروەها پێداگرییە بەردەوامەکانی ناوبراو بۆ وەلانانی ناکۆکییەکانی نێوان

ئەویش لەم بڕگە زەمەنییەدا، بێجگە لە دوو ئامانجی پێشگرتن لە دەرکەوتنی ناڕەزایەتیی گشتییو بە لانیکەم گەیاندنی مەترسییەکانی پێوەندیدار بە هەڕەشەکانی

ڕێژیم، ناتوانێ پەیامێکی دیکەی بەدواوە بێ.

بەڵام ئامانج لە سیاسەتی (ئابووریی خۆڕاگرانە)و هۆکارەکانی خستنەڕووی ئەم گەڵاڵەیە لەم بڕگە زەمەنییەدا چیە؟ ئایا ئابووریی ئێران بەراستی ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵ و داوێنگیر بۆتەوە؟ داخوا توانایی و سەرچاوە مرۆیی و ماددییەکانی ئابووریی ئێران لە ئاست و ڕادەی بارودۆخی هەنووکەییدا هەیە یان ئەوەکە دەرفەتو توانای خستنەڕووی بەرنامەیەکی دیکە بێجگە لە ئابووریی خۆڕاگرانە نیە؟

حکوومەت لە خستنەڕووی ئەم ڕێگەچارەیە هەم دان بە کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ئابووریی ئێران دادەنێو هەم ئەوەشی بە چەشنێک بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئەو تەحریمانەو باشترکردنی بارودۆخی هەنووکەیی داناوە. بەڵام لێکدانەوەی واتاو ناوەڕۆکی ڕێگەچارەی (ئابووریی خۆڕاگرانە) لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، لەڕاستیدا دەرخەری هەمان ڕەوتی بیرکردنەوە گشت بێژانە و ڕواڵەت ڕوانینانە و ڕووبەڕووبوونەوەی قووڵو ڕیشەییو نەبوونی گۆڕانکاری لە ڕوانگەکانی بەڕێوەبەرێتیی ئابووریی خۆیانە. گوایە ڕێژیم لەبیری چۆتەوە

ل ٨

**پێویستە ئەو پەروەندە هەروا کراوە بێ، بۆ هەموو وەرزەکانو وەک «دێکۆمێنتێکی» فەرمی جینایی بە وێنەی «شمشیری دامۆکلیس»ی پێشێلکاری مافی مرۆڤو دژبە جیابیرانی سیاسیو نەتەوەیی، لە سەر سەری کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ.**

حەسەن حاتەمی

**دامودەزگای ویلایەتی فەقیە کە تا ئێستا زیاتر وەک کۆمپانیایەکی بازرگانیی وەلی فەقیە کاری کردووە هەتا وەلی فەقیهێکی دادپەروەر! ئێستاکە بە دیتنی ڕەوشی نالەباری خەڵکی ئێران، بەباشی تێگەیشتووە کە ئیتر نە توانای دەسەڵاتداریی و زۆرداریی پێشووی هەیەو نە دەتوانێ زیاتر لەوە ماڵو سامانی ئەم کۆمەڵگەیە بە تاڵان بەرێ**

ئەیوب شەهابیراد

# کارەساتی میکۆنۆس، پەروەندەیەکی کراوە بۆ هەموو وەرزەکان



حەسەن حاتەمی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی فێوریەی ٢٠١٤، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دادگای فێدراڵی نیۆیۆرک لە لایان ناوەندی وەکیلانی باشووری شاری نیۆیۆرک دوو کەس لە دادوەرانی پەروەندەی جینایەتی ڕستورانی میکۆنۆس، بەناوەکانی ئاغای برنۆیوست ـ دادئەستێنی فیدراڵی ئاڵمان ـ و ئەلکساندرفون‌ئیشتاڵ ـ دادئەستێنی گشتی ئاڵمان ـ خەڵات کران.

ئەو ڕێز لێنان خەڵات کردنانە بە هیممەتی خانمی ڕۆئیا حەکاکیان ـ نووسەری کتێبی خەڵات کراوی پیاوکوژانی کۆشکی فیروزەو خانمی جۆواناسیبرت ـ قازی فیدڕاڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نیۆیۆرک ـ پێک هاتبوو.

جی.دی. بیندینگل ـ باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە وڵاتانی ئاڵمان، ئوتریش و سویس و دەیان قازی و وەکیلی سەر بە کانوونی وەکیلانی شاری نیۆیۆرک، لەو ڕێزلێنانە گرینگەدا، بەشدار بوون.

خانمی حەکاکیان لە بەشێکی پانێلەکەدا، سەرەتا باسی بیرۆکەی کتێبەکەی کرد کە، لە دیدارێکدا لەگەڵ یەکێک لە دەربازبووانی ئەو تێرڕۆرە لای دروست بوو. پاشان چوار لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا.

لە ماوەی توێژینەوەو وتووێژەکانیدا، بۆی دەرکەوت کە دادەورانی ئازاو بوێری پەروەندەی جینایەتی میکۆنۆس بە پێی سەربەخۆیی یاسایی وڵاتی ئاڵمان، هەرچەند لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا، بە تایبەتی بەشی دیپلۆماسی و بازەرگانی دەوڵەت؛ دادگا درێژەی بە کاری خۆیدا، و بەرەوە بەجێگەیاندنی «عداڵەت» هەنگاوی نا. بەرپرسانی ئەو کەیسە لەوەی کە نەکەوتنە ژێر کاریگەری پێوەندییەکانی ئابووریو دیپلۆماتیکی ئێرانو ئاڵمان، زۆر جێی ڕێزو ئافەرنین.

هەروەها سەبارەت بەو پەروەندەیە لە بەرەبەرەی ئەو ڕێز لێنانە بەڕێز حەکاکیان لە وتووێژێک لەگەڵ ماڵپەری ئێران وابر لە ژێر سەردێری «نەگوتراوەکانی پەروەندەی میکۆنۆس» (ناگفتەهای پروندەی میکونوس) جێی سەرنجە.

بەخۆشییەوە ئەو پەروەندەیە کراوەیە. خانمی حەکاکیان لەگەڵ زۆرکەسان چاوپێکەوتنی کردوەو سەبارەت بە گیان لێئەستاندنی نەمران د.سادق(سەعید) شەرەفکەندی- سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزب- هومایون ئەردەڵان بەرپرسی پێوەندییەکان لە ئاڵمان – و نووری دێهکوردی تێکۆشەری چەپی ئازادیخوازو دۆستی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات- قسەو باسی هەبووە.

لە نێو ئەواندا، ئاماژە بە شاکلیلی جێی باوەڕی دادوەرانی دەکا کەبەهۆی بەنیسەدر- یەکەم سەرکۆماری ئێران – دەبرێتە دادگا و شاهیدی دەدا.

ئەوکەسە کەئەوکات بە شاهیدیی «C» و پاشان بە ناوی ئەسڵی خۆی ئەبوالقاسم میسباحی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دادگای موئابیتی برلین شاهیدیدا، بەوتەی خانمی حەکاکیان: شاهیدیەکەی ناوبراو نەخشێکی گرینگی لە دەرخستنی ناروونییەکانی پەروەندەکە وەدیارخستو گرێ کوێریەکی میکۆنۆسی کردەوە.

حوکمی لە سەردراوەو ئاگاداری چۆنیەتی ئەو تێرۆرە بووە، بەڵام ئایا دەکرێ مووسەوی کە سەفیرە لە سفارەت‌خانەی ئێران لە ئاڵمان بێ‌خەبەر بێ لەو ڕووداوە!؟

هەروەها لە ماوەی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی میکۆنۆس بە قەولی حەکاکیان: زۆربەی کەسانی سەربە «دیپلۆماسی» کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باڵوێزخانەکەیان‌ڕا، نێردراونەوە بۆئێران، یا بە واتایەکی دیکە لە چەنگ عەداڵەت هەڵاتن.

پێویستە ئاماژە بە لاپەڕەیەکی نەنووسراو لەپەروەندەی میکۆنۆس، بەڵام پاش ١٨ساڵ گوتراوە لە لایەن بەرپرسێکی حیزبی‌سوسیال- دێموکراتی‌سوئێد بکرێ. خانمی موناسالین ڕێبەری ئەوکاتی حیزبی‌سوسیال دێموکراتی‌سوئێد- دوای ١٨ساڵ تێپەڕین گوتی: کاتێک د. شەرەشکەندی – سکرتێری گشتی حیزبی‌دێموکراتی کوردستان- وسێ کەس لە هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنۆسی برلین تێرۆرکران، ئەویش بڕیار بوو وەک دەبیری سیاسی ئەوحیزبە لەگەڵ ئینکوادکارلسۆن- ڕێبەری ئەو کاتی حیزبی‌سۆسیال دێموکرات- و پییەرشور- دبیری سیاسی پێشوو لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن. بەڵام بە ئاگادار کردنەوەی کارل‌بیلت- وەزیری دەروەی ئێستاو سەرۆک وەزیری ئەوکاتی سوئید-، چەند سەعات پێش لە کۆبوونەوەی ١٧ی سێپتامبر، بە تەلەیفون داوایان لێکرا، بە هۆی قەیرانی ئابووری وڵاتەکەیان خۆ لەو دانیشتنە ببوێرنو بگەڕێنەوە سوئێد.

کارلسۆنیش گوتبووی: پێم سەیرە کە ڕووداوی میکۆنۆس لە وڵاتی سوئید دەنگدانەوەیەکی بەر بڵاوی نەبوو. پییە شوریش سەبارەت بە قسەکانی کارلسۆن گوتبووی: ڕەنگدانەوەی ڕووداوی میکۆنۆس لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی دیکەدا، پەڕاوێزخرا.

ئێستا نزیکەی ١٧ساڵ دوای ئاکامی دادگایەکی برلین، سەبارەت بە پەروەندەی میکۆنۆس خەڵات کردنی دادئەستێنە ئازاو بوێرەکانی ئاڵمانی یوستو فون ئەشتال لە نیۆیۆرکی پێتەختی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو پەروەندەیە هەڵدەدرێتەوەو باسی جۆراوجۆری تێدا دەکرێ.



لەو بەرنامەیە ئاغای بیندینگڵ لە پانێلی دوویەم دا، سەبارەت بەو کارەساتە دەڵێ: ڕووداوی میکۆنۆس مەسەلەیەکی سیاسی بوو. شوێن‌دانەری ئەو دادگایە وەک پەروەندە جۆراوجۆرەکانی نۆرێنبێرگ و تیرۆڕە سیاسییەکانی روسیە لە ئاڵمان دەچوو. ئەو بەشەش زۆر جێی سەرنجە کە سەرەڕای هەڕەشەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بەرپرسان لێکۆڵەرانی ئەو پەروەندەیە، بەتایبەتی قازی و دادستانەکانی، دادگاکە ڕەوتی سەرکەوتوویی خۆی پێواوە.

لەو بەستێنەدا، هەڕەشەی ٣٢ ناوەندی ئیسلامی لە ئاڵمان کە قەولیان بە کۆماری ئیسسلامی دابوو، ئەگەر بەشی قەزایی ئاڵمان لە سەر درێژەدانی ئەو لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی تاوانبارە گیراوەکان، کێشەو ئاژاوە بۆ دەوڵەتی ئاڵمان دروست دەکەن.

باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە ئاڵمان، وێڕای بەرزنرخاندنی بە ئاکام گەیشتنی ئەو دادگایە لە ساڵی ١٩٩٧دا، پێی وایە ئێستاش هەر بەگومانەوە چاو لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی تاران دەکرێ. ئەو ڕژیمە پێویستە بەکردەوە متمانەی نێودەوڵەتی وەدەست بێنێتەوە.

ناوبراو دەڵێ: دوو توخمی «عەداڵەت»و «حەقیقەت» بوون بە هۆی ئەوەی کە لەدوای ئاکامی دادگا هەوڵ بۆ نووسینی کتێبەکەی بدا. چونکە پێی وایە بەشێکی کەم لە ڕاستییەکانی ئەو جنایەتە لەو پەروەندەیەدا، ڕوون بۆتەوە.

ئەو زۆری بۆ گرینگ بوو سەرەڕای گوشارە نەهێنییەکان و لابی سیاسی دەوڵەتەکانی ئێرانو ئاڵمان بۆ بەلاڕێدا، بردن یان پووشبەسەرکردنی ئەو ڕووداوە، ڕەوتی عادڵانەو یاسایی ئەو کەیسەی بۆ بەلاڕێدا نەچووو ڕێگای دژواری خۆی پێواو تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەقاودا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای ئاکامی دادگایی پەروەندەی میکۆنۆس، سەنەدێکی یاسایی گرینگی لە یەکێک لە دادگاکانی وڵاتێکی بە توانای وەک ئاڵمان بۆ دروست بوو. ئەو ڕێژیمە بۆ ماوەی نزیک ساڵێک مەزنترین قەیرانی دیپلۆماسی بە ڕۆکی گرت. جەوهەری حوکمەکەش‌هەرکات وڵاتی ئەندامی شوڕای مافی مرۆڤی جیهان بیانهەوێ ، دەتوانن بەدژی بکوژانی نەیاری سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران کەڵکی لێوەرگرن. چونکە خانمی حەکاکیان دەڵێ:

میسباحی سەبارت بە لەقاودانی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆری ژیان بوو. بەوتەی ڕوئیا حەکاکیان، ئەو بەرپرسی پەروەندە ئەمنییەتی‌یەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بوو؛ هەڵسوکەوتەکەی زۆر بە قازانجی سەرکەوتنی «عەداڵەت» و دەرکەوتنی بە شێک لە «ڕاستی»یەکان بوو.

حەکاکیان باوەڕی وایە: هێشتا بۆ توێژینەوە چەند توێیو هەڵدانەوەی سەدان لاپەڕیی پەروەندەی میکۆنۆس، پێویستە کتێب گەلی زۆری لەسەر بنووسرێ تەکلیفی زۆرشتی ناروون، ڕوون بێتەوە.

ئەو دەڵێ: خانمی شادی سەدر لەسەر بەشێکی دیکەی پەروەندەی میکۆنۆس کاردەکا، کە یەکێک لە ئاڵقە ون بووەکانی ئەو پەروەندەیە، حوسێن مووسەویان باڵوێزی ئەوکاتی ئێرانە لە ئاڵمان.

ئەو ئاماژەیە وتوییەتی تێرۆری میکۆنۆس زۆر لە جێ دایە. چونکە چۆن دەکرێ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی ئەکبەر ولایەتی، ناوی لە گەڵ بکوژانی کۆشکی فیروزە هاتووەو لە دادگاش

بۆیە پێویستە ئەو پەروەندە هەروا کراوە بێ، بۆ هەموو وەرزەکانو وەک «دێکۆمێنتێکی» فەرمی جینایی بە وێنەی «شمشیری دامۆکلیس»ی پێشێلکاری مافی مرۆڤو دژبە جیابیرانی سیاسیو نەتەوەیی، لە سەر سەری کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ. بە هەر شێوەیەک بلوێ کاری لەسەر بکرێو هەوڵی بۆ بدرێو لە کۆبوونەوە گرینگەکان‌دا، باسی لەسەر بکرێو شکایەت لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیان بکرێو لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی ڕۆژانەو کوژرانی کوردەکانو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی بەرایی جوغرافیای سیاسی ئێران ئاوێتە بکرێ.

**سەرچاوەکان:**

**ڕاپۆرتێک لەم پێوەندییەدا لە ماڵپەڕی kdpmedia.org ، ماڵپەڕێ دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**وتووێژەی ڕۆئیا حەکاکیان لەگەڵ ماڵپەڕی ئێران وابر _ فەیسبووک**

درێژەی:

# ئابووریی خۆڕاگرانە (اقتصاد مقاومتی)

## نەخشەڕێگەی چوونەدەر لە قەیرانی ئابووری یان قەیرانی حکوومەتی

ئابوورییەک کە لە ماوەی سێ دەیەدا دایانمەزراندووە، توانایی خۆڕاگریی زیاتر لە چەند مانگی بەبێ فرۆشتنی نەوتو بەرهەمە نەوتییەکانی نیە. ئابوورییەک کە بە تەواوی مانا بە نەوت بەستراوەتەوە و لە سەرووی هەموو دروشم و هەوڵەکانی حکوومەت ئێستاکەش بە دۆلارە نەوتییەکان پشت ئەستوورە، بێ‌شک هەر چەشنە هەوڵو پرۆژەیەکی حکوومەت لەم بوارەدا ڕووبەڕووی پرسیار و گومان دەکاتەوە.

ئەگەر بمانەوێ بە ڕوانگەیەکی خۆشبینانە لە گەڵاڵەی (ئابووریی خۆڕاگرانە) بڕوانین و لە جۆری خۆیدا بە هەوڵێکی هەرچەند بەرتەسک و ناڕوون لە بواری باشترکردنی دۆخی ئارایی لەقەڵەمی بدەین، لەوانەیە دەوڵەت بتوانێ لە بواری ڕێکخستن و نۆژەنکردنەوەی دامەزراوە و نووسینگە ئابووریی و بەرهەمهێنەرەکان تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بێ. بەڵام بابەتی سەرەکی توانایی، ئیمکاناتو سەرچاوەکانی دەوڵەت لەم بوارەدا و بە شێوەیەکی گشتی لە بواری ئابووریی کەلانی وڵات دایە. کێشەوگرفتە بەجێماوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو و بە تایبەت سەردەمی کارەساتباری هەشت ساڵەی ئەحمەدینژاد، بوونی گەندەڵیی ماڵیی و ڕانت خۆریی لەڕادەبەدەر، هەبوونی دەیان نووسینگە و ئۆرگانی هاوتەریب بۆ وێنە «ستاد اجرایی فرمان امام»، دابەش نەکردنی سامانو سەرچاوەکانی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە شێوەیەک قورسایی خستۆتە سەر شانەکانی ئابووریی نەخۆشی ئێران کە هەر چەشنە هەوڵێک لە بواری باشترکردنی ڕەوشی ئابووریی ئێران ڕووبەڕووی شک و گومان دەکاتەوە.

ئێستا کە خامنەیی مەترسییەکانی بە جیددیی وەرگرتووە و بە وتەگەلی شێوە ئامۆژگارییانە نەک ئەکادیمیانە و، بە خستنەڕووی « گەڵاڵە ئابوورییەکان» ڕاستەوخۆ دەستی لە کاروبارە ئابوورییەکان وەرداوە و هەمووان بۆ باشترکردنی دۆخی قەیراناوی هان دەدا، دەبێ چاوەڕوان بین ئایا کاسەی سەبری خەڵک لێوڕێژتر دەبێ یان کیسەی خەلیفە بەتاڵتر. هەرچەند لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی مافیایی و شاراوەی ڕێژیم، هێندێک دەنگ لە دژایەتیی لەگەڵ ڕەوتی دانیشتنەکان و دەرەنجامەکانی بەرگوێ دەکەوێ، بەڵام دەسەڵاتی زاڵی نیزام یان هەمان دەزگای ویلایەتی فەقیهی بە تەواوی توانای خۆی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە ئایدۆلۆژیکییو بەناو بەهاکانی شۆڕش، لە هەوڵی نەهێشتنی هەرچی خێراتری گەمارۆکان بە هەر نرخێکە. بەڵام ئەم پەلەکردنە و دەرکردنی نەخشەڕێگە وڕێگەچارە نوێیانە بۆ چوونەدەر لە قەیرانی ئابووریی دەرکەوتنی ئەم ڕاستییەیە کە سەرچاوەکانی داهاتی دامەزراوە و ئۆرگانە هاوتەریبەکانی دەوڵەت و مافیای نێو دەسەڵات ئیتر وەکوو پێشوو نیە و کیسەی وەلی فەقیە یان نابێ بەتاڵ بێ یان بە هەر نرخێک دەبێ بە پڕی بمێنێتەوە.

دامودەزگای ویلایەتی فەقیە کە تا ئێستا زیاتر وەک کۆمپانیایەکی بازرگانیی وەلی فەقیە کاری کردووە هەتا وەلی فەقیهێکی دادپەروەر! ئێستاکە بە دیتنی ڕەوشی نالەباری خەڵکی ئێران، بەباشی تێگەیشتووە کە ئیتر نە توانای دەسەڵاتداریی و زۆرداریی پێشووی هەیەو نە دەتوانێ زیاتر لەوە ماڵو سامانی ئەم کۆمەڵگەیە بە تاڵان بەرێ. کەوایە لانیکەم لەم بڕگە زەمەنییەی ئێستادا کە دەسەڵاتو چارەنووسی خۆی لە شوێنێکی هەستیار و مەترسیدار دەبینێ، هەوڵ دەدا تا لە ڕێگەگەلی نوێ و ناباویش کە بووە، گیانێکی نوێ بە خۆی ببەخشێ و چارەنووسێک کە زۆربەی کۆمەڵگە چاوەڕوانیی دەکەن، وەدرەنگ بخات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵگە ئێران ئێستاکە یەکێک لە قەیراناویترین سەردەمەکانی ژیانی خۆی تێپەڕ دەکا، بەڵام بێ‌گومان ئەزموونەکانی خەباتی نەتەوەکانی ئێران و ئیرادەی گۆڕانخوازی و ئازادیخوازیی ئەوان، بەڵگەیەکی قاییم بۆ لەسەرپێ مانەوەی ئەم نەتەوانە و دەسپێکێکی نوێیە.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٧
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢
٦ی مارسی ٢٠١٤



### سەردانی شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان لە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕات لە هەولێر

شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەولێر کردو لەلایەن شاندی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. ڕۆژی یەکشەممە، ٤ ی ڕەشەممە شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی فەرحان ئامەرا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان لە هەرێمی کوردستان، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێری کرد و لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێک بابەتو پرسی جۆراوجۆری ڕۆژەڤی کوردستانو یەک لەوان وەک پێوەندی دوو لایەنە؛ چەندوچۆنی پرۆسەی ئاشتیو دیالۆگی کوردو حکومەتی تورکیەو ئاستەنگەکانی؛ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو چۆنیەتی هەنگاونان لە پێناو هاوهەڵوێستیی حیزبە کوردستانییەکانو لێک نێزیک کردنەوەی ڕوانگەو هەڵوێستی هێزەسیاسییەکانی کورد هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کراو.

# یادێک لە پێشمەرگە و فەرماندەری قارەمان شەهید محەممەد قادرزادە (محەممەد مینە هەڵلاج)

## (لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی‌دا)

حەسەن قادرزادە

حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکی گەورە لە فیداکاری و قوربانیدانن. لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناوی سەدان و هەزاران قارەمان دەبینرێ کە بە داخەوە هێشتا ئەو دەرفەتە بۆ زۆربەی زۆریان نەڕەخساوە، تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان بەو جۆرە پێویستە، بیانناسن.محەممەد قادرزادە، ناسراو بە محەممەدی مینە هەڵلاج، کە ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی‌دا ڕادەبرێ، یەک لەو قارەمانانەیە.

**

محەممەد قادرزادە، کوڕی مینە هەڵلاج ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە گوندی نستان لە دایک بوو.

محەممەد، تەمەنی منداڵیی وەک هەموو منداڵانی سەردەمی خۆی تێپەڕ کرد.ئەویش وەک زۆر لە هاوتەمەنەکانی، لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە بەهرەی خوێندن بێ‌بەش بوو. قۆناغەکانی مێرمنداڵی و لاوەتیی بە هاوکاری و یاریدەدانی باوکی لە کاری وەرزێری و مەڕداری دا تێپەڕ کرد.

ژیانی سەختو زەحت و زۆری دەربەگایەتی لەو سەردەمدا محەممەدی تازە لاوی لە گەڵ روحی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و زۆرداری ئاشنا کرد. ئەو قوناغە لە ژیانی هاوکات بوو لەگەڵ دەست پێکردنی جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی سالەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦ی هەتاوی. لە هەڕەتی لاویەتی‌و لە تەمەنی هەژدە ساڵی‌دا پێوەندیی بە کادرەکانو ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کردو بە تایبەتی لەگەڵ شەهید فایەق موعینی‌و چەند کەسێک لە پێشمەرگەکان، کە ژمارەیەکیان خەڵکی نستان بوون، ئاشنا بوو. هەر لەو دیدارانەدا قۆڵی هیمەتو هاوکاریی لەگەڵ ئەو خەباتکارانە هەڵماڵی‌و بەرەسمی بووە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

پاش چەند جار جەولەی تێکۆشەرانی دێموکرات لەو دەڤەرە و گەڕانەوەیان بۆ گوندی نستان، سەرئەنجام لەگەڵ کاروانی خەباتی بزووتنەوەکە کەوتو شانبەشانی ئەو خەباتگێڕانە، چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان. لە چەندین گەشتو گەڕان‌و مەئموورییەتی حیزبی لە ناوچەکانی موکریان بەشداریی کرد. پاشان لەسەر ڕاسپاردەو داوای هەڤاڵانی بۆ ڕاپەڕاندن‌و جێبەجێ کردنی بەشێک لە ئەرکو کارەکانی بەشێوەی نهێنی لە ناوچە مایەوە. بەڵام ساواکو بەکرێگیراوەکانی ڕژێمی شا کە بە دوای پێوشوێنیەوە بوون لە ئاخر و ئۆخری هاوینی ١٣٤٧ی هەتاوی گرتیان و ڕەوانەی بەندیخانەیان کرد. پاش ماوەیەک ڕاگرتنی لە ساواکی سەردەشت، ڕەوانەی زیندانی تۆپخانەی ورمێیان کرد. سەرەڕای ئەشکەنجەیەکی زۆر، لە ئاست جەللادەکان‌دا بەچۆک دانەهات و حازر نەبوو نهێنیەکانی حیزب بدرکێنێ. سەرئەنجام حوکمی ٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاندو ڕەوانەی زیندانی دەریایان کردو لە بەندی ٢و لە ژووری ژمارە ٣دا دەورانی زیندانیەکەی تێپەڕ کرد.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لەگەڵ زۆر تێکۆشەری سیاسیی کوردو فارس ئاشنا بوو، هەر لە زیندان‌دا دەستی کرد بە خوێندن و بردنە سەری ئاستی زانیاری‌و تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی. زیندان بۆ ئەو بووە فێرگەیەکو کۆڵێک زانیاری‌و ئەزموونی وە سەریەک ناو، لە ماوەی پێنج ساڵ مانەوە لە بەندیخانە، وەک کادرێکی لێهاتوو و پێگەیشتوو بۆ مەیدانی خەبات پەروەردە بوو.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە زیندان ئازاد بوو. لە کاتی گەڕانەوە بۆ گوندی نستان لە گەل پێشوازییەکی گەرمو بێ وێنە بەرەوڕوو بوو، بە دەیان کەس لە ریش سپی‌و پیاو ماقووڵانی نستان بۆ پێشوازی چوونە قاوەخانەی زمزیران و لەوێڕا هەتا نستان هاوڕێیەتیان کرد. خەڵکێکی زۆریش لە شار و گوندەکانی دەوروبەر بۆ بە خێرهاتنەوەی سەردانیان کرد.

پاش زیندان دەورەیەکی دیکە لە ژیانی محەممەد دەستی پێ کردو خەریکی کارو ژیانی ئاسایی بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ساواک وازی لێ نەدەهێناو هەمیشە لەژێر چاوەدێریی دەگرت، بۆیە ناچار بوو کار و ژیانی خۆی بەجێ بێڵێ‌و خۆی لە چاوی بەکرێگیراوان ون بکا. ڕووی لە شارەکانی ئێران کردو لە تاران گیرسایەوەو لە شیرکەتێکی ساختمانی دەستی بە کرێکاری کرد، بەو جۆرە ماوەیەک لە ژیانی بردە سەر و جار و باریش بۆ یارمەتیدانی بنەماڵەکەی دەگەڕایەوە زێدەکەی‌و بۆ ماوەیەکیش لە شاری سەردەشت دوکانی دانا.

لە ماوەی ئەو چوار، پێنج ساڵەدا دەیان جارلە لایەن ساواکەوە بانگ کرا و تووشی کێشە و چەرمەسەری هات.

لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیواو گەشبینیی زۆر کەوتە دڵی محەممەدی مینە هەڵلاج و زۆر چالاکانە بەشداریی لە ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژێمدا کرد، جگە لەمەش خەڵکی هان دەدا و ڕێکی دەخستن تا لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژێمدا بەشداری بکەن.

**

خەباتی خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەستاند، لە شارەکانی کوردستانیش خەڵک دەهاتنە شەقام و لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دروشمیان دەدا و خۆپێشاندانیان دەکرد. محەممەد یەک لەو تێکۆشەرانە بوو کە پێیان وابوو بۆ ئەوەی خەڵک وا بە ئاسانی لە شەقامەکان بە دەست هێزە سەرکوتکەرەکان شەهید نەبن، بە شێوەی چەکداری پشتیوانی لە خەڵک بکەن. ئەو هەر لە زووەوە، چەکی خۆی هەبوو. هەر بۆیە بەڕێنوێنی‌و ئامۆژگاریی ڕێکخەران‌و بەڕێوەبەرانی ڕێپێوانەکان، محەممەدو دەیان ڕۆڵەی دڵسۆزی دیکە ئامادە بوون بە چەکەوە داکۆکی لە خۆپێشاندەران بکەن. محەممەد لە ڕێپێوانەکانی شارەکانی بانە، سەردەشتو مەهاباد دا چالاکانە بەشداریی کرد. هەر لەو سەروبەندەش‌دا پێوەندیی خۆی لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات کە لە بەندیخانەکان‌و لە گەرمێنەوە، گەڕابوونەوە، نوێ کردەوەو بوو بە هاوکار و یاوەرێکی بەنرخیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە گرنگەکانی ئەو قۆناغەیان.

محەممەدی مینە هەڵلاج لە دەستبەسەرداگرتنی پادگان و پاسگاکانی ژاندارمەری دا چالاکانە بەشداربوو. لە گرتنی پادگانی مەهاباد و سەردەشت دا بەشداریی کرد، لە چەک کردن و دەست بە سەر داگرتنی پاسگاکانی قوڵتێ، ڕەبەت و هەمران دا نەخشی بەرچاوی هەبوو.

محەممەد، لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد بەشداریی کرد. بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، پەیوەندیی بە بەرپرسان‌و ڕێکخراوەکانی حیزبەوە گرتو لە ڕێکخستنەوەی‌و سازماندانی تەشکیلاتی حیزب‌و لە پێکهێنان و دروست کردنی هێزی پێشمەرگە و لە دانانی بنکەو مقەراتی حیزبی لە ناوچەی سەردەشتو ڕەبەت‌دا، ڕۆڵێکی چالاکو هەڵسووری هە بوو. کاتێک لە خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی متینگی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەشاری نەغەدە پێک هات، محەممەد یەک لەو پێشمەرگانە بوو کە لە ناوچەی ڕەبەتەوە بۆ ئەو متینگە چووبوو.

بە دەست پێکردنی شەڕی کوردستان لە زۆربەی مەئمووریيەت‌و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشت‌دا بەشداریی کرد و وەک فەرماندەیەک نەخش‌و دەوری خۆی بەجێ گەیاند. بۆ مەئمووریيەتی حیزبی چووە هەوشار. بۆ پارێزگاری لە بارەگا و بنکەکانی دەفتەری سیاسی چووە ناوچەکانی سەرشاخان، نۆکان و «ئاشی پشت شکاو»ی و، ئەرکی پارێزگاریی بەشێک لە بنکەو بارگەکانی لە ئەستۆ گرت. لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی‌دا بوو کە بە داخەوە ڕۆژی ٢ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بنەماڵەکەی کەوتە بەر شەپۆلی تووڕەی لافاو و بەهۆی ئەورووداوە سروشتیە دایکی، هاوسەرەکەی و دوو کوڕ و کچێکی بوونە قوربانی و گیانیان لە دەست دا. محەممەد، سێ ڕۆژ دوای ڕوودانی ئەم کارەساتە و بەخاک سپاردنی عەزیزانی لە مەئمووریيەت گەڕایەوە و لە تازیەو غەمی ئەو ئازیزانەی‌دا بەشداریی کرد. لەگەڵ ئەوەی بنەماڵەکەی و خۆشەویستترین و نزیکترین عەزیزانی تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ببوون، خۆڕاگرانە و بە ورەیەکی بەرزەوە بەرەوڕووی ئەو ڕووداوە جەرگبڕە بۆوە. ئەم ڕووداوە لە گەڵ هەموو تاڵی وئازارێکی دا، شوێنی دانەنایە سەربەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتیەکانی.

محەممەدی مینە هەڵلاج، لەساڵی ١٣٥٨ەوە تا کاتی شەهید بوونی لە سەدان مەئمووریيەتی حیزبی و دەیان شەڕ و بەربەرەکانی دا بەشداریی کرد. کاتێک لکی ٢ی شەهید مینە شەم سەر بە هێزی شەهید موعینی سازمان درا، ئەو لکە لە سێ دەستەی زۆر بە هێز و بەتوانا پێک هاتبوو. محەممەد فەرماندەری یەکێک لەو دەستانە بوو. ئەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک فەرماندەرێکی مودیرو ئازاو خاوەن بەرنامەو تاکتیک تواناکانی خۆی سەلماند. لە گرتنی بنکەو پێگە نیزامییەکانی ڕێژێم، لە دانانەوەی کەمین‌و لە هێرشبردن بۆ سەر هێزی پەلاماردەر و لە بەرنگاربوونەوەی هێرشی ڕێژێم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان، هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە دا بوو. بەشێک لەو شەڕە گەورە و بە ناوبانگانەی کە محەممەدی فەرماندە لەگەڵ هاوسەنگەرانی دابەشداریی تێدا کردن بریتی بوون لە «هەژدە دۆلان»، «کەندەل» ، «کانیە سوور»لە ناوچەی بانە، تێک شکاندن و تەفرو تونا کردنی ستوونی ئەرتەش کە لە بانەوە بەرەو سەردەشت بەڕێوە بوو و زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ بوو لە «دارساوێن» بەهۆی بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی حیزب پێشی پێ‌گیراو سەرئەنجام لە ڕۆژی ١٣٥٩/٦/٣١ زەبرێکی توندی لێدرا و تێک شکێندرا.

محەممەد لە شەڕەکانی سەر ڕێگای سەردەشت- بانە ، سەردەشت – مەهاباد ، سەردەشت – پیرانشار و شارستێن بەشداریی ئازایانەی هەبوو. دەست بەسەرداگرتنی پایگای پردی بریسوێ، لێدانی پایگاکانی ڕێژێم لە ناوشاری سەردەشت بە تایبەتی پادگان، خانەی موعەللیمان ، خانووی مەلاوەسیم، وارشی قازیاوی، قوڵتێ و زەردە کەمبەر، بەسرێ، مەکڵاوێ، شەڕەکانی چیای کەپری، کێوەرەش، موسێ ، گەنمان، گردنەی زمزیران، گرتنی پایگای ئەرتەش لەبەرزاییەکانی سارتکێ بەناوی گورژان، گۆمەکورتەک، پردی هۆرمزاوێ، شەڕی بناوێ، مامەزینە و وەلیو، کاڵەشین، مێونە و سوێروێ، دۆڵی زمزیران، پردی جەماڵەدین، شەڕی ناو گوندی سارتکێ و شەڕی بەناوبانگی ڕۆژی ١٣٦٢/٦/١٩ی هەتاوی کە ڕێژێم بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر گوندی نستان و ناوچە گرینگ و زاڵەکانی دەوروبەری گرت. ئەوە لە کاتێک‌دا بوو کە ڕێژێم لە ناوچەکانی بوکان و مەهابادیش را هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر نەخۆشخانەی حیزب لە موسێ و دەوروبەری کردبوو، بریندارەکانی نەخۆشخانە بۆ گوندی نستان ڕاگوێزرابوون ولە مزگەوتی ئاوایی دابوون. محەممەدی مینە هەڵلاج و پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندەیی ئەو، لە قۆڵی لای «سێوە سورە» و «بەردە کوڕ» لە چاوەڕوانیی هێرشی هێزەکانی ڕێژێم بۆ ئەو ناوچەیە دا بوون، بەڵام کاتێک لە هەواڵی هێرشی ڕێژێم بۆ سەر گوندی نستان ئاگادار دەبن بە پەلە بۆ ڕزگار کردنی بریندارەکان و پێرسونێلی نەخۆشخانە خۆیان دەگەیەننەوە ئەو بەرەیە و لە شەڕێکی ئازایەندا بەهاوکاریی هێزی بەرگریی میللی وپشتگیریی خەڵک زەبرێکی قورس و کاریگەر لە هێزەکانی ڕژێم دەوەشێنن و تەواوی ئەو بەرزایی و ناوچانەیان لێ پاک دەکەنەوە و بەرەو «کورتەباسک» و «مێونە» ڕاویان دەنێن. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە پەلاماردەران کوژران و بریندار بوون، دەیان کەس لەوان بەدیل گیران، زیاتر لە دوسەد قەبزە چەک کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری و خەڵک.

ڕێژێم پاش سێ ڕۆژ لەو تێک شکانە سەرشۆڕانەیە، شووڕای شاری سەردەشتو چەند کەسایەتیی نارده لای فەرماندەران و بەرپرسانی حیزب و داوای وەرگرتنەوە تەرمەکانیان کرد. نەخش و دەوری کاک محەممەد لەو شەڕەدا ئێستاش وێردی زمانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانیەتی.

شەوی ١٣٦٢/١١/٢٣ی هەتاوی، لە دڵی تاریکیی شەودا، پێشمەرگە حەماسە خوڵقێنەکانی دیموکرات هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر بنکەی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژێم لەناو شاری ڕەبەت، بەڕێوە برد. لەو عەمەلیاتەدا زەبرێکی قورس لە بنکەی جاشەکان جێگیر لە ماڵی عەولاغا و پایگای پۆمپی بەنزین درا. محەممەد بۆ خۆی فەرماندەیی هێرش بۆ سەر پێگەی جێگیر لە پۆمپی بینزینی دەکرد، پێگەیەک کە پێشمەرگەکان بە تەواوی دەستیان بەسەردا گرت و ئاگریان تێبەردا. بەداخەوە لەو شەڕەدا محەممەد قادرزادە (ناسراو بە محەممەد مینە هەڵلاج) بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووەوە لەتەمەنی ٣٥ ساڵی‌دا شەهید بوو و گیانی لە ڕێگای ئازادی و بەختیاریی گەلەکەی دا بەخت کرد.


بە شەهید بوونی محەممەدی قادر زادە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تێکۆشەرێکی بەوەج وهێزی پێشمەرگەی کو ر د ستا ن ، فە ر ما ند ە ر ێکی لێوەشاوەیان لە دەست دا. مینە هەڵلاجی باوکی ئەو ڕۆڵە قارەمانەش کە بۆ خۆی ئەندامی حیزبی دیموکرات و پێشمەرگەی هێزی بەرگری بوو، توانی بە سەربەرزییە، پشتی لە ژێر باری ئەم خەمەدا ڕاست بکاتەوە. چونکە چەکی دەستی کوڕەکەی نەکەوتبووە زەوی و ئاڵای خەبات و تێکۆشانی کوڕەشەهیدەکەی بە هۆی کوڕەکانی، ڕەسووڵو حەسەن و، بە هۆی دەیان قوتابی‌و هاوسەنگەری ئەو فەرماندەیە، شەکاوە ڕاگیرا.

پێویستە بگوترێ کە شەهید محەممەدی قادرزادە دوو کچی بە ناوەکانی «قەدەم» و «سروە» لە پاش بەجێ ماون.گلکۆی ئەم شەهیدە لە زێدەکەی، گوندی نستانە و وەک گڵکۆی هەزاران شەهیدی دیکەی کوردستان، شایەدی بۆ بوێری‌وفیداکاریی تێکۆشەرانی دەیەکانی ڕابردوو دەدەن.

شەهید محەممەد کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ناوچە دا خۆشەویست بوو. لە لای هاوسەنگەرانیشی جێگای ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەت بوو. بە تایبەتی لە گەڵ شەهیدان فەقێ عەوڵای محەممەدی، میرزا عەبدوڵلای تۆپچی (ئیبراهیمی)، خالید مەهابادی، رحمانە رەش (جەواهیری)، حوسێن شەمامی، سەیدعەلیی لیلانە، مام هەباس حەسەن زادە و دەیان شەهید وهاوسەنگەری دیکە تێکەڵاوییەکی گەرم و برایانەی هەبوو.

لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی‌دا، بە پێزانین و ڕێزەوە، یادی خەبات و تێکۆشانی پڕلە فیداکاریی ئەو ڕۆڵە قارەمانە دەکەینەوە و بەڵێنی پێدەدەین کە تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی، درێژەدەری ڕێگاکەی بین.

**بەرز و بەرێزبێ یادی شەهید محەممەد قادرزادە و گشت شەهیدانی کوردستان.**



کوردستان
١٠
ژمارە: ٦٢٧
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢
٦ی مارسی ٢٠١٤
هزر

## بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمیناری دکتور ئیسماعیل بێشکچی‌دا

هەیئەتێکی کۆمیتەی ئوتریشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی دوکتور عەلی مازودچیو خاتوو بەهار عەبدوڵاپوورو کوروش حاجی ڕەشیدی بەشدارییان لە سمینارێکی نووسەری بەناوبانگ و دۆستی دێرینی گەلی کورد، دکتور ئیسماعیل بێشکچی‌دا کرد. دوکتور بێشکچی لەو سمینارەدا بارودۆخی کورد لە چوار پارچەی کوردستانو هەروەها شوناسی کوردو نەیارانی کوردی لە ڕوانگەی خۆیەوە خستە بەرباسو تیشکی خستەسەر دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان. شایانی باسە ئەو سمینارە بە بەشداریی زۆربەی حیزبو لایەنە سیاسیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانو کوردانی دانیشتووی شاری وییەن بەڕێوە چوو. دکتور ئیسماعیل بێشکچی کەسایەتیی ناسراوی تورکو دوستی نزیکی کوردە کە دەیان ساڵە بە نووسین و هەڵوێستەکانی، داکۆکیی بێ وچانی لە گەلی کوردو دۆزە ڕەواکەی کردوەو لە سەر بێدەنگ نەبوون لە ئاستی کێشەی کورد ٧ ساڵ لە لایەن حکومەتی تورکیەوە بەند کراوە.

دوکتور بێشکچی دەیان کتێبو بابەتی گرینگی لە سەر کوردو شیکردنەوەی کێشەی کورد چاپو بڵاو کردۆتەوە.

# پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچی‌دایە؟

بەشی سێیەم‌و کۆتایی

نووسەر: دەیڤید میلر
و: مادح ئەحمەدی

ئەگەر فەلسەفەی سیاسی بۆ پێداویستییە ڕەسەنەکان وڵامدەر بێ، دیسان ئەم پرسیارە وەک خۆی دەمێنێ کە ئایا بانگەشەکانیشی ڕەسەنن؟ (فالگرەکان وڵامدەری پێویستییەکی زۆر شێلگیری مرۆیین - مرۆڤەکان دەیانەوێ بزانن لە داهاتوودا چیان بە سەر دێ - لە هەمان‌کات‌دا زۆربەی خەڵک فالگرەکان بە کەسانێکی بە تەواوەتی قەلاش و مفتەخۆر دەزانن). فەلسەفەی سیاسی بانگەشەی ئەوە دەکا کە ڕاستییەک لەمەڕ سیاسەت بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو، واتە ڕاستییەک کە جیاوازە لەو بیروباوەڕەی کە ڕۆژانە لەگەڵی دەژین. زەقترین شێوەی هێنانە ئارای ئەم بانگەشەیە نموونەی ئەشکەوتە لە کتێبی کۆماری ئەفلاتوون دا، کە زیاتر بە باوکی فەلسەفەی سیاسی ناسراوە. ئەفلاتوون تاکە ئاساییەکان وەک کۆمەڵە زیندانیەک کە لە ناو ئەشکەتێکی داخراودان لەقەڵەم دەدا. بە جۆرێک کە تەنیا دەتوانن سێبەری شتەکان لە سەر پەردەکانی ڕووبەڕوویان ببینن. ئەفلاتوون دەڵێ ئەوان گومانیان هەیە کە تەنیا شتە ڕاستەقینەکان هەر ئەو سێبەرانەن. ئێستا گریمان یەکێک لەو زیندانییانە ئازاد بوو و هاتە ناو ڕووناکیی سەرسوڕهێنەری دەرەوە. وردە وردە ئەو شتە واقعیەکانی جیهان دەبینێو دەزانێ ئەوەی پێشتر بینیویە، جگە لە سێبەرێک هیچی دیکە نەبووە. بەڵام ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکەو هەوڵبدا هاوڕێیەکانی ڕازی بکا کە لە هەڵەدان، ئەستەمە ئەوان باوەڕ بە قسەکانی بکەن. بە باوەڕی ئەفلاتوون بارودۆخی فەیلەسووفێکیش ئاوایە: فەیلەسووف لە کاتێکدا دەوروبەری خاوەن بیروباوەڕی خوار و خێچە، ئەو خاوەن لۆژیکێکی ڕەسەنە. بەڵام بەو بۆنەوە کە ڕێگای گەیشتن بە لۆژیکی فەلسەفی درێژ و دژوارە، ژمارەیەکی زۆر کەم ئامادەن ئەم ڕێگایە بپێون.

بەڵام ئایا ئەفلاتون مافی ئەوەی هەبوو کە بە وەها پارادۆکسێکی قووڵ لە نێوان لۆژیکی فەلسەفیو باوەڕە باوەکاندا ڕازی بێ؟ لێرەدا ناکرێ لە سەر بناغە فەلسەفییەکانی ئەم جیاوازییە قسە بکەم، بۆیە ئیزنی ئەوەم پێ‌بدەن کە تەنیا بڵێم تێگەیشتنی من لە فەلسەفەی سیاسی، ئەو فەیلەسووفانە ناگرێتەوە کە خاوەن وەها لۆژیکێکی تایبەتن کە گەیشتن بەو لۆژیکە بۆ خەڵکی دیکە ئەستەمە. لە بەرامبەردا شێوەی بیرکردنەوەو بەڵگە هێنانەوەی ئەو فەیلەسووفانەی کە ئەمن مەبەستمە، ڕێک وەکوو هەر کەسێکی دیکەیە، تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە ڕەخنەگرانەتر و سیستماتیکتر بیر دەکەنەوە. ئەوان کەم و زۆر لە سەر هەموو شتێک پرسیار دەکەن: بە تایبەتی دەپرسن کە ئایا باوەڕەکانی ئێمە لەگەڵ یەک دەگونجێن یا نا، ئایا ئەم باوەڕانە بەڵگەمەندو جێ متمانەن یا نا، یان ئایا لە بنەڕەتدا دەکرێ ئەم باوەڕانە لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی گەورەدا پێکەوە بگونجێنی؟ بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک بابەتەکە ڕوونتر دەبێتەوە.

گریمان لە سیاسەتوانێکمان پرسی کە ئامانجەکانی چین. پاڵنەرە سیاسییەکانی ئەو بە دوای چ ئامانج و بایەخێک‌دا دەگەڕێ. ئەگەر ئەم سیاسەتوانە لە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی ڕۆژئاوای‌دا بێ، ڕەنگە ژمارەیەک ئامانجو بایەخ ڕیز بکا کە کەم تا زۆر پێش‌بینی دەکرێ: یاساو دیسیپلین، ئازادیی تاک، گەشەی ئابووری، ڕەخساندنی تەواوی هەلی کارو یەک دوو شتی دیکە. فەیلەسووفێکی سیاسی بە چ شێوەیەک وڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە؟ ئەو یەکەم شت کە تیشک دەخاتە سەری خودی ئامانجەکانو پرسیاری ئەوە دەکا کە لە ڕاستیدا کامیان ئامانجی کۆتاییە. بۆ وێنە گەشەی ئابووری لە بەرچاو بگرن. ئایا گەشەی ئابووری لە خۆیدا باشە، یان لە بەر ئەوە باشە چونکە هەلی هەڵبژاردنی زیاتر بۆ خەڵک دەڕەخسێنێ، یان ژیانیان شادتر و تەندروستتر دەکا؟ ئایا دەتوانین وای دابنێین کە گەشەکردنی زیاتر هەمیشە جێی پەسندە، یان کاتێک دێ کە گەشەی زیاتر ئیدی ناکەوێتە خزمەت کۆمەڵێک شتەوە کە بەڕاستی لای ئێمە گرنگن؟ پرسیارێکی هاوشێوەش دەتوانین لەمەڕ ڕەخساندنی تەواوی هەلی کار بێنینە گۆڕێ. ئایا ئێمە لە بەر ئەو هۆکارە ڕەخساندنی تەواوی هەلی کارمان لا پڕ بایەخە کە پێمانوایە سەرقاڵبوون بە کارێکەوەو وەرگرتنی مووچە لە بەرامبەری‌دا ، لە خۆی‌دا بۆ مرۆڤەکان پڕ بایەخە، سەرەڕای ئەوەی هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەگەر خەڵک کار نەکەن، ژیانیان ئاستێکی باشی نابێ؟ ئەگەر دووەمەکەیان دروست بێ، بۆچی بۆ هەر کەسێک بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کار دەکا، یان نا مووچە نەدەین‌و کار کردن وەک چالاکییەکی خۆویستانە لێ‌بکەین بۆ ئەوانەی دەیانەوێ چێژی لێ‌وەربگرن؟

فەیلەسووفی سیاسیی ئێمە لەمەڕ ئەو ئامانجە جۆراوجۆرانەی کە سیاسەتوانان دەیانهێننە گۆڕێ، پرسیار دەکا. سیاسەتوانان قەت دان بەوەدا نانێن کە ڕەنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ئامانجێکی دیکە لەبەرچاو نەگرن، ئەگەرچی ڕەنگە لە واقیع‌دا ئەو کارە بکەن. بۆ وێنە دیسیپلین و یاسا لە بەرابەر ئازادی‌دا دابنێن. ئایا ئێمە نابێ بە سنووردار کردنەوەی ئازادی تاکەکان، ئاسایش لە شەقامەکانمان‌دا جێگیرتر بکەین - بۆ وێنە بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پۆلیسەکان بۆ دەستگیر کردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ تاوانێک ئەنجام بدەن؟ کام بایەخ گرنگایەتیی زیاتری هەیە؟ بێگومان فەیلەسووفی سیاسی بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ کەمێک وردتر بێژێ کە ئازادیی تاک چ مانایەکی هەیە. ئایا ئازادیی تاک تەنیا بەو مانایە دێ کە هەر کارێکمان پێخۆش بوو ئەنجامی بدەین، بەڵام بەو مەرجەی زیان بە کەسێکی دیکە نەگەیەنین؟ ئەم وڵامە جیاوازە، بەرەنجامی زانستیی زۆر جیاوازی هەیە.

فەیلەسووفانی سیاسی بۆ هێنانە ئارای ئەم پرسیارانەو پێشنیار کردنی کۆمەڵە وڵامێک بۆ ئەو پرسیارانە، پێویستە پشت بە چەند زانستێکی سەیرو سەمەرە ببەستن. ئەوان داوا لە بەربێژ(موخاتەب)ەکانیان دەکەن کە بیر لە بایەخە سیاسییەکانی خۆیان بکەنەوەو بزانن لە ئاکام‌دا گرنگیی زیاتر بە کام لە بایەخەکان دەدرێ. ڕەنگە ئەو فەیلەسوفانە لە لای ئەمەش‌دا کۆمەڵێک زانیاری بە بەردەنگەکانیان بدەن. بۆ وێنە لە کاتی بیر کردنەوە لە بایەخی گەشەی ئابووری، لە جێی خۆیدایە بزانین کە ئەو کەسانەی ئاستی ژیانیان لە ڕووی ماددییەوە لەگەڵ یەکتری زۆر جیاوازە، چ پلەیەک بە تیرەگە بینراوەکانی وەک تەندروستیو مەرگو نەمان‌و تیرەگە دەروونیەکانی وەک ئاستی ڕەزامەندی بەرامبەر بە ژیان، دەدەن. بەم پێیە فەیلەسووفانی سیاسی دەبێ تێگەیشتنێکی قووڵیان لە زانستە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان هەبێ. بۆ گەیشتن بەم تێگەیشتنە لە ڕابردوودا فەیلەسووفەکان هەوڵیان دەدا بەڵگەی مێژوویی لەمەڕ توێژێکی بەربڵاو لە کۆمەڵگا مرۆییەکان‌و سیستمە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریێتی ئەو کۆمەڵانە کۆ بکەنەوە. ئەو بەڵگە و داکیومێنتانە تا ڕادەیەک پشت ئەستوور بوون بە تێگەیشتنی تایبەتی تاک و زۆرتر جێی متمانە نەبوون. بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی پێشکەوتنی بەرچاوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی بیستەم‌دا، فەیلەسووفانی سیاسی دەتوانن بۆچوونەکانیان بە پشتبەستن بەو دەستکەوتە ئەزموونییانەی کە زیاتر جێی متمانەن جێگر بکەن. بەڵام ناوەرۆکی سەرەکیی کارەکەیان هەر ئەوەیە کە پێشتر بووە. ئەوەی ئێمە لەمەڕ کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان دەیزانین، ئەوان(فەیلەسووفانی سیاسی) وەریدەگرن‌و بە ئاماژە بەو ئامانجو بایەخانەی کە پێیانوایە بەربێژەکانیشیان قبووڵیانە، دەپرسن باشترین شێوەی حکوومەت چیە. هەندێ جار بابەتی باشترین جۆری حکوومەت لە حکوومەتی هەنووکەیی زۆر نزیکە، هەندێ جاریش لە ڕەگو ڕیشەوە لەگەڵی جیاوازە.



لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا، هەوڵی من ئەوە بوو ڕوونی بکەمەوە کە چۆن فەلسەفەی سیاسی دەتوانێ بەرچاوڕوونی زیاتر بدا بە بیرکردنەوەکانمان لەمەڕ سیاسەت، بێ ئەوەی بانگەشە بکەم کە دەستم بە جۆرێکی تایبەتی هەقیقەت ڕاگەیشتووە کە لە توانایی کەسێکی ئاسایی‌دا نیە. لە درێژەی ئەم باسەدا ئەم پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئەو هەقیقەتەی فەلسەفەی سیاسی پێشکەشی دەکا، تا چ ڕادەیەک هەقیقەتێکی جیهانی یا گشتگیرە. واتە ئەو هەقیقەتە تا چ ئاستێک دەکرێ بۆ سەرجەم کۆمەڵگاکان لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا بە کار ببرێ. یا ئەوە کە ئەو پەڕی دەتوانین چاوەڕوانی لۆژیکێکی پێوەندیدار بە ناوچەیەکی دیاری کراومان لە فەلسەفەی سیاسی هەبێ. لۆژیکێک کە تەنیا پێوەندی بە جۆرێکی تایبەت لە کۆمەڵگا هەبێ کە ئێمە ئەمڕۆ تێدا دەژین.

وڵامی من ئەمەیە: خشتەی کاری فەلسەفەی سیاسی لەگەڵ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا و حکوومەت‌دا، دەگۆڕدرێ. هەر چەند، باتگەلێکی دیکە هەن کە هەر چەند بگەڕێنە دواوە و بۆ دواتریش بچین، دیسان دەبینین لە خشتەی کار دا بوون. بە تایبەت ئەم پرسیارە نەمرانە، پرسیارگەلێکی سەرەتایین لەمەڕ سیاسەت و دەسەڵاتداریێتیی سیاسی کە من لە بەشی دواتردا باسیان دەکەم. یەکەم و لە بنەڕەتدا بۆ ئێمە پێویستمان بە سیاسەتە؟ کەسێک چ مافێکی هەیە کە کەسێکی دیکە ناچار بکا بە پێچەوانەی ویستی ئەو کارێک ئەنجام بدا؟ بەڵام لە نموونەکانی دیکەدا، پرسیارەکان، یان وڵامەکانیان و یان هەردووکیان لە ماوەی مێژوودا گۆڕاون‌و ئێمە دەبێ برانین بۆ وایە. یەکێک لە هۆکارەکان، ئەو گۆڕانکارییانەن کە لە کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن و کۆمەڵێک توانایی و دەرفەت پێکدێنن کە پێشتر نەبوون و یان کۆمەڵێک تواناییو دەرفەت لە ناو دەبەن. بۆ وێنە دیموکراسی وەک جۆرێک لە دەسەڵات لە بەرچاو بگرن. ئەمڕۆ کەم و زۆر لای هەموو فەیلسووفانی سیاسی - لانیکەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دا - ڕوونە کە حکوومەتی باش دەبێ جۆرێک لە دیموکراسی بێ‌و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێ حکوومەت لە دەستی خەڵکدا بێ. چەندین سەدە پێش سەدەی بیستەم، ڕوانگەی بەرامبەر زاڵ بوو: حکوومەتی باش حکوومەتی سوڵتانێکی ئاقڵ، یان ئاریستۆکراسی ڕووناکبیر، یان پیاوانی بەدەسەڵات و دەوڵەمەند، یان کۆیەک لەمانە بوو. ئایا ئێمە ڕاست دەکەین و پێشینیان بەهەڵەداچووبوون؟ نا، چون وادیارە دیموکراسی بۆ ئەو کەسەی کە توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هەیە پێویستی بە کۆمەڵێک پێشمەرجە: جەماوەرێکی دەوڵەمەند و خوێندەوار، میدیا بۆ ئەوەی بۆچوون و ئەندێشەکان بەشێوەیەکی ئازاد بگوازرێنەوە، سیستمێکی دادوەری کارا کە خەڵک ڕێزی لێ‌بگرن و کۆمەڵێک شتی لەو بابەتە. ئەم هەلومەرجە تا ئەم دواییانە لە هیچ شوێنێک پێکنەهاتووە و لە ماوەی یەک شەویش‌دا پێکنایەت (زیاتر ئاتێنی کۆن وەک نموونەیەکی دەگمەن دادەنێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەبیرمان بێ کە دێموکراسی ئاتێنی تەنیا کەمایەتییەکی جەماوەری ئاتێنی دەگرتەوەو بە هەمان شێوە کە خودی یۆنانییەکان باوەڕیان پێی هەبوو، لە سەر کاری ژنان، کۆیلەکان و بیانییەکان بنیاتنرا بوو). کەواتە فەیلەسووفانی کۆنتر لە هەڵەدا نەبوون کە دیموکراسییان بە شێوازێکی باش بۆ حکوومەت نەدەزانی. تەنانەت ڕۆسۆ کە پێشتریش بینیمان لە یەکەمین کەسانی کاریگەر بوو کە پەرەی بە ئەندێشە دێموکراتیکەکان دەدا، دەیوت کە دیموکراسی تەنیا بۆ خواکان باشە، نەک مرۆڤەکان. بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ئەوسا، دیموکراسی بەو شێوەی کە ئەمڕۆ ئێمە لێی تێدەگەین، شێوازێک لە حکوومەت نەبووە کە قبووڵ بکرێ و ئەگەری جێگیرکردنی هەبێ.

نموونەیەکی دیکە لە گۆڕینی خشتەی کاری فەلسەفەی سیاسی، ئەو بایەخەیە کە ئەمڕۆ ئێمە بۆ هەڵبژاردنی تاک دایدەنێین. ئەمڕۆ ئێمە پێمانوایە کە تاکەکان دەبێ لە هەڵبژاردنی کار، هاوسەری ژیان، باوەڕە دینیەکان، ئەو جلوبەرگانە لەبەری دەکەن، ئەو مۆسیقایەی کە گوێی بۆ شل دەکەن و کۆمەڵێک شتی لەو بابەتە ئازاد بن: ئێمە پێمانوایە زۆر گرنگە هەر تاکێک شێوازێک لە ژیان کە زیاتر بۆ ئەو گونجاوە، بدۆزێتەوە یان دروستی بکا. بەڵام ئەم قسانە لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵکەکەی بۆ مانەوە ناچارن ڕێگای باو و باپیرانیان بگرنەبەر، مافی ئەوەی بۆ خۆیان کار هەڵبژێرن زۆر کەمە، گەشتو سەیرانی کەمیان هەیە، دینییان یەکێکە و شتی لەو بابەتە چ گرنگییەکیان هەیە؟ لە وەها کۆمەڵگایەکدا چەند بایەخێکی دیکە زۆر گرنگترە. بە درێژایی مێژوو، کۆمەڵگەکان زیاتر وا بوون. کەواتە هیچ جێی سەرسووڕمان نیە کە ئێمە تەنیا لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو فەلسەفە سیاسییانە بەرەوڕوو دەبینەوە کە لەسەر بایەخە باڵاکانی هەڵبژاردنی تاک بنیاتنراون، کە نموونەی ئەوە کتێبی ئازادی ی جۆن ستیوارت میلە.

لەم بابەتەدا هەوڵی من ئەوە بووە کە هاوسەنگییەک لە نێوان پرسیارە نەمرەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئەو پرسیارانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە خشتەی کاردا بوون، وەک باسەکانی ژنان و کەمایەتییە کولتوورییەکان دروست بکەم. دروستکردنی ئەم هاوسەنگییە ڕەنگە دژوار بێ: بە ئاسانی دەتوانی بچیتە قووڵایی بابەتەکانی ڕۆژەوەو ئەو بابەتە بنەڕەتییانەی کە لە هەموو شوێنێک بناغەی سیاسەت پێکدێنن لە بیر بکەین. ڕێگا چارەیەکی دیکەش ئەوەیە کە بچین بە دوای سینەما و وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی دا و دووبارە وەبیری بێنینەوە کە بە چ شێوەیەک جێگیر کردنی دەسەڵاتداریێتیی سیاسی دەتوانێ ئاکامی جیاوازی هەبێ، لە خۆشبژیوی(ڕفاه)یەوە بگرە تا هەژاری، لە ژیانەوە بگرە تا مەرگ.

هەروەها هەوڵمداوە لە نێوان دەربڕینی ئەو هەڵوێستە دژانەی کە لەمەڕ ئەم بابەتانە لە ئارادان و دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆم هاوسەنگییەک دروست بکەم. مەبەستی من ئەوەیە کە شی بکەمەوە کە کاتێک ئانارشیستەکان لە گەڵ لایەنگرانی دەوڵەت، دیموکراتەکان لەگەڵ بژاردەگەراکان، لیبراڵەکان لەگەڵ دەسەڵاتحوازان، ناسیونالیستەکان لەگەڵ ئەوانەی کە جیهان بە نیشتمانی خۆیان دەزانن باس دەکەن، باسەکەیان لەمەڕ چییە. بەڵام ئەوە کە بڵێن من ئەم باسانە لە سۆنگەی هەڵوێستێکی خودائاسا و بێلایەنانەوە تاوتوێ دەکەم، درۆیە. نووسین لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی خۆی جۆرێک گەمەی فەلسەفەیە. بەم پێیە هەوڵم نەداوە کە بە فەلسەفەی سیاسی خوێنەر بە زۆر ناچار بکەم کە هەندێ لە پڕکێشەترین پرسیارەکانی ئەم سەردەمە تەنیا یەک وڵامی جێگای پەسندیان هەیە، هەوڵیشم نەداوە کە دڵدانەوەکانیش بشارمەوە. هیوادارم لە هەر شوێنێک لەگەڵ بۆچوونەکەی من نەبوون، لانیکەم پشتڕاستی بکەنەوە ئەو بەڵگانەی کە بۆچوونەکانی ئێوەش دەسەلمێنی بێلایەنانە هاتوونەتە ئاراوە. دیارە زۆر هیوادارم کە بتوانم ئێوە بە وەرگرتنی بۆچوونەکانی خۆم ڕازی بکەم.

سەرچاوە:
میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ١٣٩٠.

# مامۆستا هەژار ئەدیبێکی شارەزاو، وەرگێڕێکی بە توانا



**عەلی لەیلاخ**

کاتێک باس لە وەرگێڕانی کوردی دەکەین «عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی» ناسراو بە مامۆستا هەژارلەم بوارەد ئەستێرەیەکی پرشنگدارەو خاوەنی قەڵەمرەوی تایبەت بە خۆیەتی. سەرەتا پێویستە ئاورێک لە وەرگێڕان وەکوو ژانرێکی دیارو هەستیاری ئەدەبی بدەینەوە.

سەنعەتوهونەری وەرگێران لەمێژە بۆتە ڕەهەندێک بۆ ئاڵوگۆری فەرهەنگیو ئەدەبی لە نێوان فەرهەنگوکەلتوورە جیاجیاکان. دەتوانین بڵێین بە هۆی جیاوازی فەرهەنگیو زمانی مرۆڤەکان بۆ لەیەک تێگەیشتنو هەروەها دەوڵەمەندکردنی ماڵی ئەدەبوفەرهەنگی خۆیان هەر زوو دەستیان داوەتە وەرگێرانو ئەم هونەرەیان تا ئاستی سەنعەتێکی زمانیی بەرز نرخاندووە. ئەمرۆ لە زمانو ئەدەبیاتی هەر وڵاتێک بوونی وەرگێڕوگەشەی وەرگێران بایەخێکی یەکجار زۆری پێ دەدرێ چونکە جیا لە ناساندی بەرهەممە ئەدەبییەکانی وڵاتانی دیکە، دەبێتە هۆی گەشەی زمانو ئەدەبیاتی ئەو وڵاتە.

لە سەردەمی ناسراو بە(رۆژهەڵات ناسین) کە زانایانی رۆژئاوایی هاتن بۆ رۆژهەڵات زۆری نەخایاند کە ئەدەبیاتی رۆژئاوایی بەتایبەت لە بواری چیرۆکو رۆمان پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینی رەخنەگرانوکارناسانی ئەدەبی بەشێکی زۆری ئەم رەوتە دەگێڕنەوە بۆ کاریگەریی ئەفسانەکانو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری رۆژهەڵات (شرق) بەسەر ئەدەبیاتی ئوروپادا کە ئەویش ئاکامی ڕەهەندی وەرگێرانو رۆڵی بەرچاوی وەرگێرەکانە. بۆ نموونە دەڵێن لە چەندین رۆمانی نووسەرانی بەناوبانگی رۆژئاوایی شوێن پێی ئەفسانەکۆنەکانو چیرۆکە فولکلۆرییەکەکانی رۆژهەڵاتی پێوە دیارە. ئێستاش زۆرێک لە هۆگرانی هونەروئەدەبیات هەر لە رێگای وەرگێڕانەوە ئاسەوارو بەرهەمە ئەدەبییەکانی زمانەکانی دیکە دەکەوێتە بەردەستیانو چێژی لێوەردەگرن. هەربۆیە وەرگێران ژانرێکی زانستیو هونەرێکی دژوارە. مەرجی زانینی زمان مەرجێکی تەواو نیە بۆ وەرگێڕان بەڵکوو وەرگێڕ دەبێ بە تەواوی شارزای لایەنە نادیارەوشاراوەکانی زمانو فەرهەنگی هەر دوو زمانەکە بێ. واتە کاتێک دەقێکی ئەدەبی یان فەلسەفی لە زمانی (مبدا) وەردەگێرێتەوە بۆ سەر زمانی(مقصد) تەواوی جیاوازییەکانو جوانکارییەکانی زمانی لەبەرچاو بگرێت، ناوەرۆکی دەقەکە تووشی خەسار نەکات، لە ئاست نووسەروخاوەن بەرهەمەکە ئامانەتدار بێتو تێبکۆشێت هونەرمەندانە دەقەکە رابگوێزێ .

رەنگە ئەوانە وا کاری وەرگێران دەکەن زۆر بن، بەڵام بەدەگمەن بەرهەمێک لە وەرگێراندا سەرکەوتوو دەبێ، هۆکەیشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوخاڵانەی کە ئاماژەمان پێکرا. جێگای خۆیە کە ئاماژە بەوەش بکەین کە وەرگێرانی دەقی فەلسەفیو زانستی بۆ سەر زمانی کوردیوفارسی گیروگرفتی خۆی هەیە کە ئەمە باسێکیدیکەیە.

***

ئێستا تیشک دەخەینەسەر وەرگێرانی کوردیو باس کردن لەسەر مەزنە پیاوێکی هەڵکەوتوو لەم بورەدا.


رەنگە مێژووی وەرگێران بە زمانی کوردی بە بەراورد لە گەڵ زمانەکانی دیکە وەکوو عەرەبیو فارسی دوورودرێژ نەبێ، بەڵام بێشک قابلییەتو توانایی باشی لە خۆی نواندوە. هەروەها دەیان وەرگێری بە ئەزموونو لێهاتووی پێشکەش بە ئەدەبوفەرهەنگی کوردی کردووە. کەسانێک وەکوو (محەمەدی قازی، برایم یونسی، هەژاری موکریانی..) لەم بارەوە خاوەنی ناوبانگی کوردستانیو لە کۆمەڵگەی زمانوئەدەبی ئێرانیشدا ناسراون.

بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا هەژار ٢١ی مانگی فێورییە، بەرانبەر بە٢ی رەشەممە. کورتەیەک لە ژیانو تێکۆشانی ئەدەبیی ئەم مەزنە ئەدیبە دەخەینە بەر باس. مامۆستا عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی کە هەر لە مێرمنداڵییەوە ئۆگری ئەدەبو زمانی کوردی دەبێ. لە تەمەنی ٢٤ساڵەییدا خەڵاتی شاعیری میللی کوردی پێدەبەخشرێ.

مامۆستا هەژار خاوەنی چەندین بەرهەمی دەردەکەوێ. بە تایبەتی وەرگێرانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی یەکێک لە شاکارە بەنرخەکانی ئەو وەرگێرە کوردەیە. دەقی کوردی قورئان لە بەهێزترینو پوختەترینو پاراوترین دەقە کوردییەکانە چونکە «هەژاری»شارەزا لە هەموو زاراوەکانی کوردی بۆ وەرگێرانێکی چاکوسەکەوتوو کەڵکی وەرگرتووە...

مامۆستا هەژار سەرەڕای ژیانی لێوانلێو لە دەربەدەریو چەرمەسەری، هیچ کات لە خولقاندنو خزمەت بە زمانی گەلەکەی کەمتەرخەمی نەکردووە. مامۆستا هەژار لە بچووکترین دەرفەت خزمەتی گەورەی کردووە تەنانەت کاتێک تووشی نەخوشی سیل دەبێ لە خەستەخانەیەک لەوڵاتی لوبنان دەست دەداتە وەرگێرانی چوارینەکانی خەیام. تاجێگایەک کە چەند چوارینەی جوان بە چەشنی شێعرەکانی خەیام لە خوی و زەوقی شێعری بەیادگارجێدێڵێ.

لە مێژووی هەر گەلێک رەنگە دەیانو سەدان ساڵ بخایەنێ هەتا لە نموونەی



بەنرخی ئەدەبیو زمانییە. لەبواری وەرگێراندا هەژار هەڵۆیەکی بەرزەفرەو شاباڵی بەسەر زمانی کوردیوعەرەبیوفارسیدا ڕاکێشاوە. دەبێ ئێران بەگشتی بە تایبەتی کۆمەڵگەی فارس زمانان هەتا ماوەن خۆیان بە قەرزداری نووسەرانو ئەدیبانی کورد بزانن! چونکە لە سایەی قەڵەمە سەرکەوتووەکەی مامۆستا هەژار بوو کە پاشی ١٠٠٠ساڵ توانیویان کتێبە بەنرخەکەی (ئەبوو عەلی سینا) بە فارسی بخوێنەوە. مامۆستا هەژار لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوە دەکا کە لە سەرەتای دەسپێکی وەرگێرانی کتێبی(قانون درطب)چیها ماندوویو شەونخوونی چێشتووە. تەنانەت دەڵێ: «جەمیل رۆژبەیانی» مامۆستای زمانو ئەدەبیاتی عەرەب لە زانکۆی بەغدا بۆ وەرگێران یان شیکردنی دێرێک لە کتێبەکەی بۆ عەلی سینا ماوەتەوە تەنات بۆ توورەیی گوتویە: یان من عەرەبی نازانم یان «بوعەلی سینا» عەرەبی نەنووسیوە!!

بە چاوخشاندنێک بەسەر بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی مامۆستا هەژار ئاستی هونەرمەندیو لێهاتوویی بۆ هەمووان گەورەپیاوانو ژنانی ئەو گەلە دیسان لە دایک ببن. مامۆستا «هەژار»یش وەکوو هونەرمەندێکی مەزنو زمانڤانێکی شارەزاو وەرگێرێکی بەتوانا، دەبێ گەلی کورد لە بەرانبەر ئەم شامرۆڤە بۆ هەمیشە ئەمەگناس بێت و یادی لێ بکاتەوە.

**بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار؛**

**١.ئاڵەکۆک(شێعر)١٣٢٥هەتاویی**
**٢.بۆکوردستان(شێعر)**
**٣.مەم وزینی خانی بە سورانی**
**٤.جوارینەکانی خەییام**
**٥.شەرفنامە،کردوویە بە کوردی ١٩٧٣**
**٦.هۆزی لە بیر کراوی گاوان١٩٧٣**
**٧. وەرگێڕانی کۆمەڵێک لە کتێبەکانی عەلی شەریعەتی بە کوردی**
**٨.مێژووی ئەردەڵان**
**٩.چوارینەکانی خەییام ١٩٨٨**
**١٠.قانون درطب بووعەلی سینا**
**١١.دیوانی مەلاجزیری**
**١٢.وەرگێرانی قورئان بە کوردی**
**١٣.چێشتی مجیوەر.**

هەڵچنینی

# هەشتی مارس بەتەنیا لە ئافرەتان پیرۆز بێت



**مستەفا شێخە**

لە زمانی ئێمەدا ژن وشەیەکە زۆر زۆر زیاتر لە وشەی ئافرەت لەسەر زارو زمانانە. دیارە هەزار جار ماشەڵڵا زمانەکەشمان زۆر لەمێژە لە رووباری بە خوڕی بەستاندارد بوون پەڕیوەتەوە و خەریکە لەوبەر رووبارەکە خۆی رادەوەشێنیت و بە تەمایە جلەکانی ژێرەوەی بکاتەوە بەر. زمانی پێشکەوتووو گەشەکردوو، ئەو زمانەیە لەخەم ڕستووە و لە هەمووشێک لە خۆ بۆتەوە. زمانێک کە لێی خاترجەمین ناکەوێتە بەردەستی لەفەفرۆشو ساندویچ فرۆشەکانی سەر شەقامەکانی سەهۆڵەکەو شێخەڵڵا و ئیقباڵو مەلاجامی، ئیدی بۆ ئەوە نابێ خەمی بۆ هەڵبگرین. ئەم زمانە پوختو پاراوەمان دوور لە هەر چەشنە برژاندنو دەمارگرژییەک خەریکە زۆر بە خێرایی قۆناخەکانی پێشکەوتن دەبڕێت. لە سەروبەندی ساڵرۆژی هەشتی مارسدا وەک هەموو بۆنەو ڕێکەوتێکی دیکە، بابەتی تایبەت بەم رۆژە زیاتر دەکەوێتە سەر زارو زمانان. هەر بەم هۆیەشە لەم چەند رۆژەدا، ژنو ئافرەت بە هەوای سوێچکەییو سێپێییو شێخانیو داغەییو رۆینە لە سەر زمانی هەموو کەس هەڵدەپەڕن. ئەم هەڵپەڕکێیە جیاوازی بە زمانی نێرو مێ ناکاتو هەرکەسێک لەم دوو رەگەزە ئازیز و مێهرەبانە دەمی بکاتەوەو گۆشەیەکی زمانی دەرکەوێت، ئەوە هەڵپەڕکێیە دەست پێدەکات.

ئەم زمانە چەورو لووسو نەبرژاوە کە بەردەوام خەریکی هەڵپەڕاندنی ژنو ئافرەتە بۆ هەر کامیان سنووری بەرچاویشی دیاری کردووە. وێڕای ئەوەی ئەو مرۆڤانەی لە لایەن زمانەوە ئەم ناوانەیان بۆ لەبەرچاوگیراوە قەڵافەتی وەک یەکە، بەڵام جیاوزیی بەرچاویشیان هەیە. لێرەدا ئامادەم بە نوێنەرایەتیی زمانی پاراو و پێشکەوتوو ئاماژە بە هێندێک لە جیاوازییەکانی ژنو ئافرەت بکەم.

١- ژن لە دووپیتی «ژ» و «ن» پێکهاتووە و ئافرەتیش لە کۆمەڵە پیتی «ئـ»، «ا»، «ف»، «ر»، «ە» و «ت» پێکهاتووە. هەر بۆیەشە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان جلەکانیان شۆڕ و درێژە و جوان دایاندەپۆشێ و وەک ژنان قاچ و قول رووت و سینگ دەرپەڕیو نین.

٢- لە کوردستانی گەرمێن کە جاران تەنیا ناوی گەرمێن بوو و ئێستا چەندین ناوی سەیرو سەمەرەی دیکەی وەک باشوورو هەرێم و شتی وای هەیە، هەر ژنێک لە ناوچەی سەوزەوە بچێتە ناوچەی زەرد، هەر لەخۆڕا دەبێت بە ئافرەتو هەر ئافرەتێکیش لە ناوچەی زەردەوە بچێتە ناوچەی سەوز، ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتماتیک واتە هەر لە خۆڕا، دەبێت بە ژن. ئەم خاڵی دووەمە تەنیا ئەو ژنو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆران لە کاروباری سیاسیدا دەمڕاستن یان خۆیان بە کاری دەملەپێشی هەڵدەستن. لێرەدا چونکە باسی هەڵپەڕینمان کرد، وشەی «هەڵدەستن» بە داتاشراو نازانرێتو تەواو لەجێگەی خۆی دایە. لە هەڵپەڕیندا کەسانی لای گاوانیو گۆرانیبێژی ناوەندی هەڵپەرکێکە بۆیان هەیە پڕ بەدەمیان هاوار بکەن و بڵێن هەستە دەی هەستە سەرچۆپی.

٣- لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژن بۆ حاڵی خۆی لە ئافرەت وریاترە و ژن بێ ئەوەی پەرەمێزی لە دەستدا هەڵبچێتو ئاگر بگرێت، دەتوانێت رۆژانەو تەنانەت شەوانەش بە کەیفی خۆی بچێتە حەمامو بێ ئەوەی بسوتێتو بمرێت، درێژە بە ژیانی بدات. هەروەها لە خۆی رادەبینێت دەیان سەرەپەتو گوریسو داوی ئەستوورو باریک بدۆزێتەوەو خۆی بە هیچکامیانەوە نەخنکێنێت. بەڵام ئەم کارە زۆر بە زەحمەت لە دەست ئافرەت دێت. ئافرەت پێچەوانەی ژن زیاتر نەوت و کارەبا و دەواو دەرمانو تەنانەت بە دەنکە شقارتەیەکیش دەمرێت.

٤- لە بەرانبەر ئافرەتدا ژن بوونەوەرێکی دەستو پێ سپیلکەیەو زۆر کاری پێ ناکرێن. بۆ وێنە ژن بە زەحمەت دەتوانێ خۆی بەگژ هەوێیەکو دووهەوێو تەنانەت سێ هەوێشدا بکاتو لەگەڵیان لە ژوورێکدا چەنگە پرچەو شەڕەشەق بکات. هەر لەم بێ دەستەڵاتییەوە بە تەنیا لەگەڵ مێردەکەی دەژێتو توانای هەوێساریی نیە.

٥- ژنان رۆژی هەشتی مارس دەکەن بە جێژنو خۆشی و ئافرەتان پێیان فشەیە.

ئەم جیاوازیانەو چەندین جیاوازیی دیکەش لە ناو ژنانو ئافرەتاندا بەرچاون. وێڕای ئەمەش هاوسەرانی ژنانو ئافرەتانیش جیاوازیی بەرچاویان هەیە.

ئەو پیاوەی هاوسەری ژنە ترسنۆکەو ناوێرێ ژنەکەی تووشی هەوێساری بکات، بەڵام ئەوەی هاوسەری ئافرەتە وا نییەو لە خۆی رادەبینێت رادەی ئافرەتەکانی هاوسەری بگەیەنێتە چوار کەس کە بە خۆیەوە باری ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەی پێنج کەسی دەبن کە دوانیان لەپێشەوە و سێ لەدواوە سواری بیلامانێ قەمەرەکە دەبن. (بەم تێبنیەوە تەنیا ئافرەتێک دەتوانێ لەگەڵ شۆفیرەکە لە پێشەوە دابنیشێت، سێ کەسەکەی دواوە واباشترە هەتا نۆبەی لە پێشەوە دانیشتنیان دێت، پێکەوە بسازێن).

ئەوپیاوەی مێردی ئافرەتە، هەروەها لەخۆی رادەبینێت لەم چوار ئافرەتەش هەرکامیانی بەدڵی نەبوو، تەڵاقی بدات و خێرا ئافرەتێکی دیکە لەخۆی مارە بکات. لێرەدا دەبێ پیاوانی بەڕێز ئەمەیان لەبەرچاو بێت کە پێویستە هەموو هاوسەرە هەوێکان ئافرەت بنو ئەگەر تەنیا یەک ژن بکەوێتە ناویانەوە ریسەکەی لێ دەبێتەوە بە خوری.

بەم هۆکارانەی سەرەوە و زۆر هۆکاری دیکەش کە یان بۆ باس کردن نابن یان بۆ ئەوە نابن لێرەدا بیانخەینە بەرباس، هەشتی مارس هەر لە ئافرەتان پیرۆز بێت.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 627 6 march 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# یادێک لە میتینگی ڕاگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان



پاش ساڵێک ڕاپەڕین‌و بەربەرەکانیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چین‌وتوێژو نەتەوە جۆراوجۆرەکانیانەوە، لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا تۆماری ڕێژیمی پەهلەوی تێکەوە پێچراو لەگەڵ‌ویشدا کۆتایی بە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێراندا هات. ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەگەر بۆ هەموو خەڵکی ئێران سەرکەوتنێک‌و هیوا بە دوارۆژێکی باشتر بوو، بۆ خەڵکی کوردستان کە لە زوڵم‌و زۆری بنەماڵەکانی پادشایەتیی ئێران‌و لە خەبات‌و قوربانیدان لە پێناوی مان و نەتوانەوەدا بەشی شێریان پێ بڕابوو، جەژنی دووبارە جەژن‌و هێمای زیندووبوونەوەی ئاواتە لە مێژینەکان بوو. خەڵک بەرەو ئەوە دەچوون کە شانازی‌یە لە دەستچووەکانی کۆماری کوردستان نوێ بکەنەوە و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سەردەمیانە دەست پێ‌بکەن.

حیزبەکەی کۆماری کوردستان بە ئەزموونێکی دەیان ساڵەوە جارێکی دیکە لە پێتەختە هەمیشە خۆشەویستەکەی کۆمارو لە زۆربەی زۆری شارو ناوچەکانی کوردستان‌دا بناخەی تێکۆشانێکی نوێی دارشتبوو. ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە قوتابیانی مەکتەبی پێشەوا قازی‌و میراتگرانی شانازییەکانی ساڵانی ٢٤و٢٥و٤٦و٤٧ و دەیان ساڵ بەربەرەکانیی قارەمانانەی نێو زیندانەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشا پێکهاتبوو، پێوەندی‌یەکی نەپسانەوەی دەگەڵ خەڵک دروست کردبوو.

ڕێبەری وشیارو لێوەشاوەی حیزب دەی‌زانی



ئەگەر حیزبەکەی داوای ئیجازەی تێکۆشانی ڕەسمی‌و قانوونی لە کاربەدەستانی ڕێژیمی تازەبەدەسەڵاتگەیشتوو بکا، جوابێکی باشتر لەوە کە پێشتر لە ڕێژیمی شای وەرگرتبوو دواتریش لە ڕێژیمی خومەینی وەرگرت، وەرناگرێتەوە. بۆیە قاسملووی کارزان پێشنیاری کرد کە بێ موراجعە بە دەوڵەت، بەڕەسمی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕابگەیەندرێ‌و بۆ ئەو مەبەستە، کات ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەو جێگا ستادێومی وەرزشیی لە مەهاباد دیاری کرا.

بەڵام غەدر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبوو ئەگەر ئەو جەژنە نەتەوەیی‌یە تەنیا بۆ خەڵکی مەهابادو دەوروبەری بگیرێ‌و ئەوانی دیکەی لێ بێ‌بەش بکرێن. هەر بۆیە بانگەواز بۆ خەڵکی هەموو شارو ناوچەکان کرا کە بۆ ئەو ڕۆژە لە مەهابادی جوان، پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان ئامادە بن‌وکارنەڤاڵی ژیانەوەی دووبارەی حیزبی کۆمار پێک‌بێنن.

بە دەنگەوەهاتنی چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان‌و میوانداریی مێژوویی خەڵکی سابڵاغی پێتەختی بیری ئازاد بۆ هەتاهەتایە بیر ناچێتەوە. شەوی پێش میتینگەکە بە دەفتەر٦٣ هەزار کەس میوان بەسەر ماڵەکانی لە مەهابادا دابەش‌کران که ئەودەم حەشیمەتەکەی بە پەنجاهەزار کەس دادەنرا.

بۆ ڕۆژی میتینگیش، سابڵاغ میوانداریی لە دەیان هەزاری دیکە لە ئاشقانی ئازادی‌و دێموکراسی کرد. بەڕاستی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ دووی ڕێبەندانێکی دیکەو لە هەل‌و مەرجێکی دیکەدا بوو. لە ستادیۆمی وەرزشی مهاباد دەرزیت هەڵاویشتبا نەدەکەوتە زەوی‌و حەشیمەتی نێو ستادیۆم بە حەفتا _ هەشتا هەزار کەس دەقەبڵێندرا، کەچی دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری دیوارەکانی ستادیۆمیش ئەوەندەی دیکەی حەشیمەت بۆ بەشداریی کارنەڤاڵەکەو گوێگرتن لە وتاری سەرداری ناوداری کورد، قاسملووی قوتابیی قازی‌و مامۆستای کوردایەتی‌و دێموکراسی ڕاوەستاون.

شادمانیی حەشیمەت لە گێڕانەوە نایە، بەڵام لە دوو حاڵەت‌دا ئەو شادمانی‌یە گەیشتە لووتکە: یەکیان ئەو کاتە کە دوکتور قاسملوو دەستی بە قسە کردو ئەو وتارە مێژوویی‌یەی بە گوێی خەڵکی کوردستان‌و هەموو ئێران گەیاند. دووەمیش کاتێک پۆلێکی چەند دەکەسی وەک سیمبولی پێشمەرگە بە بەردەمی حەشیمەت‌دا تێ‌پەڕین، کە لەڕاستی‌دا ئەم دووانە نوتقی پێشەوا قازی‌و ڕێژەی سوپای میللیی کوردستان لە بەر دەمی سەرکۆماری شەهیدیان وەبیر دێنایەوە.

بێگومان ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ هەر وەک دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بۆ هەمیشە لە بیرەوەریی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە مێژووی پڕ هەورازونەشێوی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە. بە ئاواتی نوێ‌بوونەوەی هەموو ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یانەو وەدەستهێنانی هەموو ئاواتە پیرۆزەکان لە ئاکامی خەبات‌و تێکۆشانی یەکپارچەی هەموو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا.

بەڕێزبێ یادی دووی ڕێبەندان‌و ١١ی ڕەشەمەوسڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی‌و دوکتور قاسملوو. سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان یادگاری ئەو دوو ڕێبەرە سەربەرزەو هەموو شەهیدانی ڕێی نەجات. سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەری مەهابادو هەموو شارو دێهاتەکانی کوردستان.

**لە نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن‌زادە**

## بەر لە ماڵاوایی

# ٨٠ساڵەیی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی خەباتکار و نیشتمانپەروەر




**قادر وریا**

لە مێژە چاوەڕوانی هاتنی ١٣٩٢/١٢/١٢، ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی بەڕێز، نیشتمانپەروەر و دڵسۆزم. ئەو کەسایەتییە کاک جەلیلی گادانییە کە زۆر لەوە ناسراوترە پێویستی بە ناساندن بێت. دیارە کاک جەلیل خۆش شانسە کە لە ڕۆژێک دا لە دایک بووە کە تایبەتییە، ئەویش ڕۆژی ١٢ی مانگی ١٢ی ساڵی ١٣١٢یە.

لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە بۆ یەکەم جار بیستم کاک جەلیل گادانی لە١٢ی ١٢ی ١٣١٢ لە دایک بووە، کەم ساڵ هەبووە کە لە ١٢ی ڕەشەمە دا نەکەوتبمە یادی لە دایکبوونی ئەو مرۆڤە بەڕێز و خۆشەویستە. دیارە جاری واش هەبووە بە تایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی دا، لە سەر لاپەڕەکەی خۆی لە فەیسبووک دا، پیرۆزبایی ئەم یادەم لێکردوە. بەڵام ئەمساڵ بیرەوەرییەکە جیاوازە، چونکە کاک جەلیل دەبێتە هەشتا ساڵەو پێ دەنێتە نێو هەشتاو یەکەمین ساڵی لە دایکبوونی.

خۆشحاڵم کە شانازیی هاوخەباتی‌و هاوسەنگەریی مرۆڤێکی گەورەی وەک کاک جەلیل گادانیم هەیەو خۆشحاڵتریشم کە ئەندامی حیزبێکم قەدرزان‌و پێزانەو ڕێز و قەدری تێکۆشەرە بەئەمەگو دڵسۆز و وەفادارەکانی خۆی دەزانێ. نموونەکەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە یادی هەشتاساڵەی لە دایکبوونەی کاک جەلیلدا ڕێوڕەسمێکی تایبەتی پێک بێنێ‌و ڕێزلەو کەسایەتییە بگرێ، ئەگەرچی ئەو ڕێوڕەسمە بە هۆی لە ماڵ نەبوونی کاک جەلیل‌و نەگەڕانەوەی لە سەفەری



دوورەوڵات، لە ڕۆژی خۆی‌دا بەڕێوە ناچێ‌و چەند ڕۆژێک دوا دەکەوێ. بەڵام کاک جەلیل‌و کاک جەلیلەکان، ئەوانەی هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی ئەم حیزبەو خەبات لە پێناوی ئاوات‌و ئامانجەکانی نەتەوەکەیان‌دا تەرخان کروە، لە حیزبی دیموکرات‌و لە نێو نەتەوەی کورددا بە خۆشییەوە کەم نین. هەر چەند کاک جەلیل لە نێو ئەو جۆرە کەسانەش‌دا جێگایەکی تایبەتی هەیە. ئەم تایبەتیی‌بوونەی دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک تایبەتمەندیی ئەو مرۆڤە. بەر لە هەموو شتێک ماندوویی نەناسین لە خزمەتکردنی حیزبی دیموکرات‌و نەتەوەکەی‌دا. پاشان سەبارەت بە ڕەوشت‌و هەستێکی ئینسانیی بەرز و خەمخۆربوونی لە ئاستی هەموو ئەو کەسانە کە بە حیزبەکەی، بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، بە نەتەوەی کوردو بە مرۆڤایەتییەوە، ماندوو بوون.

کاک جەلیل، لە گەڵ ئەو هەمووە ناوو ناوبانگ و خۆشەویستی‌و ڕابردووەدا، ئەوەی نەیزانی‌و نەیناسێ، تەکەببورو خۆپێزۆرییە. بێفیز و سادەیە هەتا ئەو پەڕی.

لە گەڵ چین‌و توێژو کۆڕو کۆمەڵ‌و کەس‌و کەسایەتیی جۆراوجۆردا تێکەڵاوە. چەندی خوا حەز دەکا، کۆمەڵایەتییەو لە بەسەرکردنەوەی دۆستان‌و ئاشنایان‌و ئەو کەسانەی شایانی لە بیربوونن، غافڵ نییە. قەدری هونەرو کتێب و نووسین‌و خوێندنەوە دەزانێ. هەمیشە هەوێنی چاکەو تەبایی‌و چالاکییە، ورەدەرو مایەی گوڕ و تینە. مرۆڤ لە هەر دۆخێک‌و وەزعێک دابێ، کە دەگاتە کاک جەلیل و گوێی لە قسەکانی دەبێ، یا لە باوەڕ و ئیمانی خەباتکارانەی ڕادەمێنێ، ورەی دێتەوە بەر. دژی هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکە و بە مانای ڕاستەقینە دیموکرات و دادپەروەر و مرۆڤدۆستە.

گادانییەکان، ئەگەر هەر تەنیا کاک جەلیلیان لە کۆڕی خەبات و کاروانی پڕسەروەریی تێکۆشان دا هەبا، بەس بوو بۆ ئەوەی هەست بە شانازی‌و سەربەرزی بکەن. بەڵام کاک جەلیل، تاقە ڕێبواری هەتاسەری ئەم خانەدانە لەمەیدانی خەبات‌و قوربانیدان‌دا نەبووە. براکانیشی، نەمران کاک خەلیل‌و کاک محەممەدو برازا شەهیدەکانیشی، ئەستێرەی درەوشاوەی گادانییەکانن لە ئاسمانی پڕئەستێرەی کوردایەتی‌و خەباتی ئازادیخوازیدا. هەر چەندی بنووسم، ناتوانم ئاوێنەیەکی ئەوتۆ بخوڵقێنم کە کاک جەلیلی بە تەواوی‌و بەو جۆرەی هەیە، بە خەرمانێک خزمەتی بێدریغ‌و دڵپاکانەوە، تێدا بنوێنم. ئەو بە تەنیا مێژوویەکە لە تێکۆشان‌و کۆڵنەدان، مێژوویەک پڕ لە دەربەدەری‌و چوونە بەندیخانەو ئاوارەیی، مێژوویەک تژی کەوتن‌و هەستانەوە، خۆشی‌و ناخۆشی، شکان‌و سەرکەوتن، هەمووشی لە پێناوی حیزبی دیموکرات‌و نەتەوەی کوردو نیشتمان‌و وڵاتێک بە ناوی کوردستان‌و ئامانجە بەرزەکانی ڕزگاری‌و دادپەروەری‌و مرۆڤدۆستی‌دا.

من،لەم یادە دا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بەو چەند دێڕەو بە باوەشێک لە گوڵە جوانەکانی کوێستانەکانی وڵاتی جوان‌و نەخشینی گەورە خەباتکارانی وەک کاک جەلیل، بچمە بەرقاپیەی یادی هەشتا ساڵەی مامۆستا جەلیل گادانییەوەو بەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە ئارەزووی تەمەندرێژی‌و سلامەتی‌و بەردەوامی لە کۆڕی خەبات‌و تێکۆشانی‌دا بۆ بخوازم.